# گفتوگۆکان دەربارەی
# مافی چارەی خۆنووسین

## ڤلادیمیر لینین

وەرگێڕانی: شێروان ئیبراهیم ڕەشید

# The Discussion On Self-Determination

## V. I. Lenin

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن

لينين، مختارات، مجلد ٦، خلاصه المناقشه حول حق الامم فى تقرير مصيرها-
ص ٨٦-١٤٠ ، ترجمه الى العربيه: الياس شاهين، دار تقدم – موسكو ١٩٧٧

# گفتوگۆکان دەربارەی مافی چارەی خۆنووسین

**نوسيني: ڤلاديمير لينين**
**وەرگێڕانی: شێروان ئیبراهیم ڕەشید**

لە ڕۆژنامەی هیرالْد (ڤۆربۆت – ژمارەی دووەم لە مانگی ئەپریلی 1916) کە ڕۆژنامەیەکی مارکسییە و سەر بە باڵی چەپی ناسراو بە زیمەرڤاڵدە (Zimmerwald) ژمارەیەك تێز بڵاوکرانەوە، کە بەشێکیان لەلایەن دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سەرەکی و زمانحاڵی ئێمە کە ئەویش گۆڤاری سۆسیال دیموکراتە داڕێژرابوون بۆ پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین و، بەشەکەی تری لەلایەن دەستەی نوسەرانی گۆڤاری – گازێتا ڕۆبۆتنێزا – ی زمانحاڵی پارتی سۆسیال دیموکراتی پۆڵەندی ئۆپۆزیسیۆنەوە داڕێژرابوون بۆ دژایەتی مافی چارەی خۆنووسین، سەرووی ئەم نوسینە خوێنەر دەقی تێزەکانی سەرەتا و وەرگێڕانی تێزەکانی دواتر بەدی دەکات(1). لەڕووی کردارییەوە یەکەم جارە ئەم پرسە بەم بەرفراوانیە و لە ئاستی نێونەتەوەیدا بوروژێنرێت: تەنها لەبارەی پۆڵەنداوە نەبێت لە گفتوگۆیەکدا کە بیست سالأ پێش ئێستا ڕوویدا لەسەر پەڕەکانی گۆڤارێکی مارکسی ئەڵمانی بەناوی نیوزایت Neue Zeit لەنێوان ساڵانی 1895-1896 واتە پێش کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆشیالیستەکان، کە لە ساڵی 1896 لە لەندەن بەسترا. ئەم گفتوگۆیە لەنێوان هەریەکە لە ڕۆزا لوکسمبۆرگ و کارل کاوتسکی و "جوداخوازە" پۆڵەندییەکان (پاڵەوانانی سەربەخۆیی پۆڵەندا یان پارتی سۆشیالیستی پۆڵەندي) ڕوویدا، ئەوان سێ دیدگای جیاوازیان خستە ڕوو(2). لەوکاتەوە، ئەوەی ئاگادار بین، پرسی مافی چارەی خۆنووسین تەنها لە نێوان هۆڵەندییەکان و پۆڵەندییەکان بە زەقی گفتوگۆی لەسەر کراوە. هیواخوازیین ڕۆژنامەی هیرالْد سەرکەوتوو بێت لە بەردەوامیدان بە وروژاندنی گفتوگۆکان لەسەر ئەم پرسە، کە هەنووکە پرسێکی گەرم وگوڕە لەنێوان بەریتانییەکان، ئەمریکییەکان، فەرەنسییەکان، ئەڵمانییەکان، و ئیتاڵییەکاندا. چونکە لەلایەکەوە سۆشیاڵیزمی فەرمی لەلایەن هەریەك لە لایەنگرە ئاشکراکانی "حکومەتەکەیان" نموونەی شوێنکەوتووانی پلیخانۆڤ و داڤید و هاوکارانیان نوێنەرایەتی دەکرێن و لەلایەکی تریشەوە بەرگریکارانی پشت پەردەی هەلپەرستی نموونەی شوێنکەوتوانی کاوتسکی (لەوانە ئەکسیلرۆد، مارتۆڤ، چخێدیز و ئەوانی تر)، ئەمانە چەندین درۆیان بڵاوکردەوە لەسەر ئەم پرسە بە ڕادەیەك پێویستی بە هەوڵی درێژخایەنە تاوەکو لەلایەك بانگەشەکارانی کپ بکرێن و ڕێگە لە کێشە و ناکۆکی بگیرێت، لە لایەکی تر بەدەم داوای کرێکارانەوە بچین بە پێدانی "وەڵامی ڕاستەوخۆ" لەسەر ئەم "پرسە نەفرەتییە". پێویستە خوێنەرانمان ئاگادار بکەینەوە لە مشتومڕی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی سۆشیالیزم لە دەرەوەی وڵات.

ئەم پرسە بە لای ئێمەی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیاوە بایەخی تایبەتی هەیە، ئەم گفتوگۆیەی ئێستا درێژکراوەی ئەو گفتوگۆیەیە کە لە نێوان ساڵانی 1903 و 1913 دا ڕوویدا. لە ساتەوەختی جەنگدا ئەم پرسە

ئەندامانی پارتەکەمانی تووشی ڕاڕایی کردبوو، زیاتریش پەرەی سەند بەهۆی فێڵی چەند سەرکردەیەکی دیاری پارتی جڤۆزدیۆڤ یان پارتی کرێکارانی شۆڤێنیستەوە لەوانە مارتۆڤ و چخێدیز، کە هەوڵیان دەدا لە جەوهەری کێشەکە دوور بکەونەوە، بۆیە پێویستە لانی کەم دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ئەو گفتوگۆیە بخرێتە ڕوو کە لە بازنەیەکی نێونەتەوەیدا دەستی پێکرد. لە تێزەکاندا ئەوە بەدی دەکرێت کە هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان وەڵامی ڕاستەوخۆی هەندێك لە ئەرگۆمێنتەکانمان دەدەنەوە، لەوانە دەربارەی مارکسیزم و پرۆدۆندیزم. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەڵامی ناڕاستەخۆمان دەدەنەوە، بە بەراوردکردنی ئەرگۆمێنتەکانیان بە ئەرگۆمێنتەکانی ئێمە. با ئێستە هەوڵ بدەین وەڵامە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆکانیان تاقی بکەینەوە.

## 1ـ سۆشیالیزم و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان

پێشتر دووپاتمان کردەوە کە جێبەجێ نەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە سایەی سۆشیالیزمدا خیانەتە لە سۆشیالیزم، لە بەرامبەردا وەڵام دراینەوە بەوەی "مافی چارەی خۆنووسین ناکرێت بەسەر کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا جێبەجێ بکرێت"، جیاوازییەکە لێرەدا ڕیشەییە کەواتە ڕیشەی جیاوازییەکە لە کوێدایە؟

نەیارەکانمان بەهانە دەگرن و دەڵێن "ئێمە دەزانین سۆشیالیزم هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەناو دەبات بە سڕینەوەی ئەو ئامانجە چینایەتییانەی کەپاڵنەری ئەم چەوساندنەوەیەن" ئەم ئەرگۆمێنتە دەربارەی پێویستییە ئابوورییە سەرەتاییەکانە بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئەمەش لای هەمووان ڕوونە و جێی مشتومڕ نییە تاوەکو کاریگەر بێت لە گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە فۆرمێك لە چەوساندنەوەی سیاسی، مەبەستم ئەوەیە نەتەوەیەك بە ناچارکردن و زۆرەملێ نەتەوەیەکی تر لەناو سنوری خۆیدا بهێڵێتەوە؟ ئەمە هیچ نییە جگە لەهەوڵێك بۆ خۆدزینەوە لە پرسە سیاسییەکان! ئەرگۆمێنتەکانی داهاتوو دروستی بۆچونەکەمان دەسەلمێنن، هاوڕێ پۆڵەندییەکان دەڵێن: "هیچ بەهانەیەك نییە بۆ باوەڕهێنان بەوەی نەتەوە لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا وەك یەکەیەکی سیاسی و ئابووری دەمێنێتەوە. بەڵکو لە هەموو ئەگەرەکاندا تەنها یەکییەتی زمان و کەلتووری خۆی بە دەست دەهێنێت، چونکە دابەشکردنی زەوی هەر ناوچەیەکی سۆشیالیستی خاوەن کەلتوور، ئەگەر گریمانەی ڕوودانی بکەین، ئەوا تەنها بە گوێرەی پێویستییەکانی بەرهەمهێنان دەبێت. ئەم دابەشکردنەش بە تەنها لەلایەن نەتەوەکانەوە بڕیاری لەسەر نادرێت تاوەکو هەریەکەیان هەڵوێستی خۆیان وەرگرن و لە ڕێگەیەوە مافی باڵادەستیی ڕەها پیادە بکەن (وەك داواکراوە لە "مافی چارەی خۆنووسین" دا) بەڵکو بە هاوبەشی لەلایەن هاوڵاتییە پەیوەستدارەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت...".

ئەم ئەرگۆمێنتەی پێشوو لەبارەی بە هاوبەشی بڕیاردان لەبری خۆبڕیاردانی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە دڵی هاوڕێ پۆڵەندییەکان بوو بە ڕادەیەك سێ جار جەختیان لەسەر کردۆتەوە لە

تێزەکانیاندا. بەڵام ئەم جەخت کردنەوەیە ئەم ئەرگۆمێنتە ئۆکتۆبەری و کۆنەپەرستە ناگۆڕێت بە ئەرگۆمێنتێکی سۆسیال دیموکراتانە. هەموو کۆنەپەرست و بۆرژوازەکان مافی "بەهاوبەشی بڕیاردان" لە چارەنووسی خۆیان لە پەرلەمانێکی هاوبەشدا دەبەخشنە ئەو نەتەوانەی کە بەزۆرەملێ لەناو سنوری دەوڵەتێکی دیاریکراودا هێڵراونەتەوە. تەنانەت ویلهێلم ی دووەمیش ڕێگە بە بەلجیکییەکان دەدات "بەهاوبەشی" لەناو پەرلەمانی هاوبەشی ئەڵمانیادا بڕیار لەسەر چارەنووسی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیا بدەن.

نەیارەکانمان هەوڵدەدەن خۆیان لەم خاڵە بدزنەوە لە کاتێکدا تاکە خاڵە شایانی مشتومڕە ئەویش ــ مافی جیابوونەوەیە. لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستەیان کۆمیدییە ئەگەر زۆر تراژیدی نەبێت!

لە تێزەکانی سەرەتاماندا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئازادکردنی نەتەوە چەوساوەکان پێش هەموو شتێك پێویستی بە گۆڕانێکی دوولایەنە هەیە لە بواری سیاسیدا: 1- یەکسانی تەواو لەنێوان نەتەوەکاندا، ئەمەش جێی مشتومڕ نییە و تەنها پەیوەستە بەو شتانەوە کە لەناوخۆی دەوڵەتێکدا ڕوودەدەن. 2- ئازادیی جیابوونەوەی سیاسی. ئەم خاڵە ئاماژەیە بۆ دیاریکردنی سنورەکانی دەوڵەت، تەنها ئەم خاڵە مشتومڕی لەسەرە، هەمان خاڵیشە کە نەیارەکانمان لە ئاستیدا بێدەنگ دەبن. ئەوان خۆیان بەدوور دەگرن لە بیرکردنەوە لە بابەتی سنوری دەوڵەت یان دەوڵەت بەگشتي، ئەم جۆرە لە ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی(3) هاوشێوی ئیکۆنۆمیزمی پێشوو کە لەنێوان ساڵانی 1894 ــ 1902 دا، بەم جۆرە بەهانەی دەگرت: لەبەر ئەوەی سەرمایەداری زاڵە بۆیە پرسە سیاسییەکان کات کوشتنن، بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی ئیمپریالیزم زاڵە پرسە سیاسییەکان کات کوشتنن! ئەم تیۆرە دژە سیاسەتە بە تەواوی زیانبەخشە بە مارکسیزم.

مارکس لە توێژینەوەکەیدا "ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتە" دا دەنووسێت: "لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا قۆناغێك لە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە هەیە، ئەم قۆناغە ماوەیەکی گواستنەوەی سیاسی بە خۆیەوە دەبینێت کە تێیدا دەوڵەت دیکتاتۆرییەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریایە، هیچ بەدیلێکیش بۆ ئەمە نییە".

ئەم ڕاستییەش جێگیر بووە و لە نێوان سۆشیاڵیستەکانیشدا مشتومڕی لەسەر نییە، دانـان بەو ڕاستییەش لەخۆ دەگرێت کە دەوڵەت دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی سۆشیاڵیزمی سەرکەوتوو دەگۆڕێت بۆ کۆمۆنیزمی تەواو، هەموومان بە گوتەکەی ئەنگڵس ئاشناین لەبارەی "پووکانەوەی دەوڵەت"، ئێمە لە تێزی یەکەمدا ئەوەمان دووپات کردەوە کە دیموکراسی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەوڵەت و بە پووکانەوەی دەوڵەت ئەویش دەپووکێتەوە، تاوەکو نەیارانمان مارکسیزم بگۆڕنەوە بە دیدێکی "نادەوڵەتی" ئەوا ئەرگۆمێنتەکانیان وەك هەڵەی گەورە دەمێنێتەوە. ئەوان لەبری قسەکردن لەسەر دەوڵەت (واتای دیاریکردنی سنوریشە) دەبینین قسە لەسەر (ناوچەی کەلتووری سۆشیاڵیستی) دەکەن، یان ئەوان بە مەبەست دەربڕینی دیارینەکراو بەکاردێنن، واتا هەموو پرسەکان سەبارەت بە دەوڵەت سڕاونەتەوە.

لە کۆتاییشدا دەگەینە قسە جووینەوەیەکی پووچ: بە نەبوونی دەوڵەت ئەوا سروشتییانە هیچ پرسێك نییە لە بارەی سنور. لەم حاڵەتەشدا هەموو بەرنامە سیاسییە دیموکراتییەکان ناپێویستن و هیچ کۆمارێکیش بوونی نابێت کاتێك دەوڵەت "دەپووکێتەوە".

لینچ شۆڤێنیستی ئەڵمانی لە وتارێکدا کە لە تێزی پێنجدا ئاماژەمان پێداوە باس لە ماوەیەکی گرنگ دەکات کە لە وتارێکی ئەنگڵسەوە وەریگرتووە بە ناونیشانی "پۆ و ڕەین". لەناو ئەم وتارەدا ئەنگڵس دەڵێت لە ڕێگەی پەرەسەندنی مێژووییەوە ژمارەیەك نەتەوەی بچوك و لاواز قووت دەدرێن (سنوری نەتەوە گەورە و بەهێزەکانی ئەوروپا) بەزۆری لە ڕێگەی (زمان و هاوسۆزی) دانیشتوانەوە دیاری دەکرێت. کە ئەنگڵس بە سنوری (سروشتي)(4) ناویان دەبات، ئەم حاڵەتە لە سەردەمی سەرمایەدارییی پێشکەوتنخواز لە ئەوروپا لەنێوان ساڵانی 1848 بۆ 1871 بوو، بەڵام لە ئەمڕۆدا ئەم سنورانە کە دیموکراتییانە دیاریکرابوون بەرەو تێکشکاندن دەچن. ئەمەش لەلایەن سەرمایەدارییی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستەوە.

هەموو ئاماژەکان ئەوە پیشاندەدەن کە ئیمپریالیزم میراتگری خۆی جێدەهێڵێت. مەبەست لە سۆشیاڵیزمە، کە میراتەکەی لە سنورە کەم دیموکرات و ژمارەیەك وڵاتە پاشکۆکانی ئەوروپا و بەشەکانی تری جیهان پێکدێت. ئایا هچ بەهانەیەك هەیە بۆ ئەو گومانەی کە سۆشیاڵیزمی سەرکەوتوو دیموکراتی تەواو بە درێژایی هێڵەکە فەراهەم دەکات، دەکرێ دەست بەرداری دیاریکردنی سنوری دەوڵەت بێت بە ڕێگەی دیموکراتی و هاوسۆزیی دانیشتوانیش فەرامۆش بکات؟ تەنها بە خستنەڕووی ئەم پرسیارانە ڕوون دەبێتەوە کە هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان تا چ ڕادەیەك لە مارکسیزمەوە خزاون ڕووەو ئاراستەیەکی ئیکۆمۆنیزمی (ئابووریگەرایی) ئیمپریالیستی.

ئیکۆمۆنیستە کۆنەکان کە مارکسیزمیان شێواند، بە کرێکارانیان ڕاگەیاندبوو کە "تەنها ئابووری" گرنگە بەلای مارکسییەکانەوە. ئیکۆمۆنیستە تازەکان وادیارە کە پێیان وایە دەوڵەتی دیموکراتی لە سایەی سۆشیاڵیزمدا بەبێ سنور دەبێت یان سنورەکان تەنها بە گوێرەی پێویستییەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکرێن.

بەڵام لە ڕاستیدا سنورەکان دیموکراتییانە و بە گوێرەی خواست و هاوسۆزی دانیشتوان دیاری دەکرێن، سەرمایەداری ئەم هاوسۆزییە لەناو دەبات و بەربەستی زیاتر دەخاتە ڕێگەی نزیکی و تەبایی نێوان نەتەوەکان، بەڵام سۆشیاڵیزم ڕێزی تەواو لەم هاوسۆزییە دەگرێ و لە ڕێگەی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بەبێ چەوساندنەوەی چینایەتی و فەراهەم کردنی ژیانی شایستە بۆ تەواوی هاوڵاتیانی دەوڵەت نزیکی و هاوسۆزی نێوان نەتەوەکان زیاتر دەکات.

بۆ ئەوەی پشوویەك بە خوێنەر بدەین تاوەکو لەم ئیکۆنۆمیزمە گران و ناپەسەندە دەرباز بێت. لێرەدا ئاماژە بە ئەرگۆمێنتی نووسەرێکی سۆشیاڵیستی دەکەین کە لە دەرەوەی بابەتی مشتومڕەکەمانە، ئەو نووسەرەش ئۆتۆپاوەرە کە باسێکی ساکاری لای خۆیەوە وروژاندووە ئەویش "ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و کەلتووری"ە، بەڵام لەمەڕ زۆر پرسی گرنگدا ئەرگۆمێنتی ورد و دروستی داوە. بۆ نموونە لە بەشی بیست و نۆدا لە کتێبەکەی "پرسی

نەتەوە و سۆسیال دیموکراتی" تێبینییەکانی سەبارەت بە بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی بۆ داپۆشینی سیاسەتی ئیمپریالیزم بە تەواوی دروست بوون.

لە بەشی سی " سۆشیالیزم و بنەمای نەتەوەیی" دەڵێت : "کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ناتوانێت هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی خۆیدا کۆ بکاتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، وێنای جەماوەر بکە کە خۆش ڕادەبوێرن بە خێر و بێری کەلتووری نەتەوەیی و چالاکانە مافی خۆیان بەکاردێنن لە یاسا دانان و حوکمڕانیدا و دواتریش چەکدرا دەکرێن ــ ئایا دەکرێ لە ڕێگەی هێزەوە نەتەوەیەکی وەها بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بێگانەوە؟ دەسەڵاتی دەوڵەت لە هێزی چەکداردا کۆ دەبێتەوە، لە ئێستاشدا سوپای نیشتیمانی لە ڕێگەی میکانیزمێکی بلیمەتانەوە ئامرازێکە بە دەستی کەسێك یان خێزانێك یان چینێکی دیاریکراوەوە بە هەمان شێوەی هێزی سوارچاك و بەکرێگیراوەکانی پێشوو. سوپا لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی و دیموکراتدا هیچ نییە جگە لە جەماوەری چەکدار، چونکە لە خەڵکی خاوەن ڕۆشنبیری بەرز پێکهاتوون کە دوور لە پەستان و بە ویستی خۆیان لە کارگە هەرەوەزییەکاندا کار دەکەن و لە بوارەکانی ژیانی سیاسیدا هاوکاری بەپێز و گرنگ دەکەن. لەم حاڵەتەدا هەموو ئەگەرەکانی حوکمی بێگانە ون دەبن".

ڕاستە، ناتوانرێ چەوساندنەوەی نەتەوەیی (یان هەر چەوساندنەوەیەکی سیاسی) لەناو ببەین لە سایەی سەرمایەداریدا، چونکە ئەمە پێویستی بە لەناوبردنی چینایەتی هەیە، واتا چەسپاندنی سۆشیالیزم، بەڵام ناکرێ سۆشیالیزم تەنها لە لایەنی ئابووریدا کورت بکەینەوە بە پاساوی ئەوەی کە بناغەیەکی ئابووری هەیە. بەرهەمهێنانی سۆشیالیستییانە لە کۆمەڵگەدا مەرجێکی پێویستە بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بەڵام ئەم بناغەیە پێویستە دەوڵەتێکی ڕێکخراو و دیموکراتی و سوپایەکی دیموکراتی لەسەر بونیاد بنرێت.بە گۆڕانی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم پرۆلیتاریا دەتوانێت ئەگەری لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بخولقێنێت.

ئەم ئەگەرەش دەبێتە ڕاستی " تەنها" ــ لێرەدا دەڵێم "تەنها" ــ ئەو کاتەی دیموکراتی تەواو لە هەموو بوارێکدا فەراهەم دەکرێت، لە نێویشیاندا دیاریکردنی سنورەکانی دەوڵەت بە گوێرەی "هاوسۆزی" دانیشتوان و هەروەها ئازادی تەواویش بۆ جیابوونەوە. ئەمەش دەبێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ لەناوبردنی کردارییانەی بچوکترین ناکۆکی نەتەوەیی و کەمترین بێ متمانەیی نەتەوەیی. بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ خێراکردنی ڕێکی و تەبایی نێوان نەتەوەکان کە ئەمەش بە تەواوەتی بەدی دێت ئەوکاتەی دەوڵەت هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە تیۆرە مارکسییەکەیە، ئەو تیۆرەی کە هاوڕێ پۆڵەندییەکان بە هەڵە لەسەری لایانداوە.

### 2 ــ ئایا مومکینە لە سایەی ئیمپریالیزمدا دیموکراسی بەدی بهێنرێت؟

ئەو مشتومڕە کۆنەی کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان ڕابەرییان دەکرد دژ بە بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان سەرتاپای لەو ئەرگۆمێنتەدا چڕ دەبوویەوە کە پێی وابوو بەدی هێنانی ئەم بنەمایە لە سایەی سەرمایەداریدا "نامومکینە". ئەوکات لەساڵی 1903 دا ئێمە وەك لایەنگرانی ئیسکرا گاڵتەمان بەم

ئەرگۆمێنته دەكرد ئەمەش له لیژنەی پرۆگرامی کۆنگرەی دووەمی پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیادا و گوتمان ئەمه گەڕاندنەوەی ئەو وێنه کاریکاتۆرییەیه که "ئیکۆنۆمیستەکان" لەسەر مارکسیزم کێشایان، له تێزەکانماندا ئەم هەڵەیەمان به وردی خسته بەر باس، دەرکەوت لەسەر ئەم خاڵه که بنچینەی تیۆری مشتومڕەکەی نێوانمان پێك دەهێنێت هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان نەیاندەویست (یان نەیاندەتوانی) وەڵامی هیچ یەکێك له ئەرگۆمێنتەکانمان بدەنەوە.

بۆ ئەوەی بسەلمێت که بەدی هێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەڕووی ئابوورییەوە ناومکینه، پێویستی به شیکارییەکی ئابووریه هاوشێوەی ئەو شیکارییەی بەکاردێت بۆ سەلماندنی ناومکینی ڕەتکردنەوەی ئامێرەکان و جێبەجێ کردنی سیستەمی "کرێی کار" و... هتد، کەسێك نادۆزینەوە هەوڵی ئەم شیکارییەی دابێت. کەس پاڵپشتی ئەوە ناکات که جێبەجێ کردنی سیستەمی "کرێی کار" له سایەی سەرمایەداریدا تەنانەت له یەك وڵاتدا و "به ئاوارتەیي" مومکینه، هەروەك وڵاتێکی بچوك له قۆناغی ئیمپریالیزمی توندوتیژدا بتوانێت به ئاوارتەیی مافی چارەی خۆنووسینی ئەستەم بەدەست بهێنێت بەبێ جەنگ و شۆڕش (بۆ نموونه نەرویج ساڵی 1905).

به شێوەیەکی گشتی دیموکراسیی سیاسی هیچ نییه جگه له فۆرمێکی سەرخان بۆ سەرمایەداری (هەرچەند له ڕووی تیۆرییەوە گونجاوترین فۆرمی سەرخانه بۆ سەرمایەدارییەکی "بێگەرد"). فاکتەکان ئەوە دەخەنه ڕوو که سەرمایەداری و ئیمپریالیزم له چوارچێوەی هەر فۆرمێکی سیاسیدا گەشه دەکەن و دەیانخەنه ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بۆیه هەڵەیەکی تیۆری بنەڕەتییه باس له "نەکردەنی" بوونی فۆرمێك و داخوازییەکی دیموکراسی بکرێت.

نەبوونی وەڵام بۆ ئەم ئەرگۆمێنتانه لەلایەن هاوڕێ پۆڵەندییەکانمانەوە وا دەکات دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵه دابخەین.

بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکه ئەم بڕیاره کۆنکرێتییەماندا که "بێ مانایه" حاشا له "ئیمکاني" ڕزگارکردنی پۆڵەندا بکەین له ئەمڕۆدا و لێگەڕێین دیل و بەندی لایەنی ستراتیژی و لایەنەکانی تری ئەم جەنگه بێت که ئێستا له ئارادایه. هیچ وەڵامێکمان نەدرایەوە لەم بارەیەوە!

هاوڕێ پۆڵەندییەکان سوربوون لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵه زەقەکەیان، له (بەشی یەکەم ـ پەرەگرافی دووەم) دەڵێن "ئەو پرسانەی پەیوەستن به لکاندنی زەوی بێگانه، فۆرمەکانی دیموکراسی سیاسی وەلادەنرێت و هێزه زاڵەکان پرسەکه یەکلا دەکەنەوە... سەرمایه هەرگیز ڕێگه به خەڵك نادات بڕیار لەسەر سنوری دەوڵەتەکەیان بدەن". وەك بڵێی "سەرمایه" دەتوانێت "ڕێگه بەوە بدات" کارمەندەکانی که خزمەتکاری ئیمپریالیزمن، لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن! یان وەك ئەوەی بڕیاره ترسناکەکان لەسەر پرسه دیموکراتییه گرنگەکانی نموونەی بونیادنانی کۆماری لەجێگەی پاشایەتي، یان میلیشیا له جێگەی سوپایەکی یاسایي، بەگشتی پرسگەلێکن که دەکرێت وێنا بکرێن بەبێ بوونی "هێزی زاڵ". هاوڕێ پۆڵەندییەکان دەیانەوێت

مارکسیزم "قوڵتر" بکەنەوە بەڵام شکست دەهێنن. هەروەها دەستەواژەکەیان "نامومکینە" بابەتییەن ئاراستەیەکی هەلپەرستانەیە، چونکە ناوەڕۆکی بۆچونەکەیان ئەوەیە کە: ئەمە "نامومکینە" بەبێ زنجیرەییەك شۆڕش، بەهەمان شێوە بەدیهێنانی دیموکراسی بەگشتی و کۆی داخوازییەکانی نامومکینە لە سایەی ئیمپریالیزمدا.

هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان بۆ یەکجار و لە کۆتایی پەرەگرافی دووەم - بەشی یەکەمدا و لەبارەی پرسی ئەلزاسەوە، دەستبەرداری هەڵوێستی ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی بوون و لەبری گەڕانەوە بۆ "لایەنی ئابووري" بەشێوەیەکی گشتي، قسەیان لەسەر پرسی فۆرمێك لە دیموکراسی کرد و وەڵامێکی ڕوونیان داینەوە. ئەم شێوازە لە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە هەڵەیەکی ئاشکرا بوو. لەم بارەیەوە گوتیان "هەڵوێستێکی خۆپەرستانە و نادیموکراتە ئەگەر ئەلزاسەکان بەبێ پرس کردن پێیان فەرەنسییەکان ناچاری یەکگرتن لەگەڵ ئەلزاس بکەن، سەرباری ئەوەی بەشێك لە ئەلزاس ئەڵمانیا ئاراستەی دەکات و ئەوەش هۆکارێکە بۆ هەڵگیرسانی جەنگ!" ئەم تێکەڵکردنە پێکەنیناوییە: مافی چارەی خۆنووسین ئازادی جیابوونەوە لە دەوڵەتە ستەمکارەکان دەرەخسێنێت (ئەمە ئاشکرایە و ئێمەش لە تێزەکانماندا ڕوونمان کردۆتەوە). بەڵام یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتێکدا پێویستی بە ڕەزامەندی دەوڵەتەکە بێت ئەوە هەرگیز لە سیاسەتدا باس نەکراوە وەك چۆن "ڕەزامەندي" سەرمایەدارێك بۆ وەرگرتنی قازانج و "ڕەزامەندي" کرێکارێك بۆ وەرگرتنی کرێی کار لە ئابووریدا باس نەکراوە! ئەم بابەتە باسکردنیشی گاڵتەئامێزە.

هەر کەسێك بیەوێت سیاسییەکی مارکسی بێت ئەرکە لەسەری لە کاتی قسەکردن لەسەر پرسی ئەلزاس هێرش بکاتە سەر سۆشیالیستە ناپەسەندەکانی ئەڵمانیا، چونکە نەجەنگان لە پێناو ئازادی جیابوونەوەی ئەلزاس و هێرش بکاتە سەر سۆشیالیستە ناپەسەندەکانی فەرەنسا کە لەگەڵ بۆرژوازی فەرەنسادا ڕێککەوتن کە دەیانویست تەواوی ئەلزاس بەزۆرەملێ بە خۆیانەوە بلکێنن ــ هەردوولایان ئەمەیان لە پێناوی ئیمپریالیزمی "وڵاتەکەیان" و ترس لە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەنجامدا هەرچەند دەوڵەتێکی بچوکیش بێت ــ مەسەلە ئەوەیە ڕوونی بکەینەوە چۆن ئەو سۆشیالیستانەی دان بە مافی چارەی خۆنووسیندا دەنێن دەتوانن کێشەکە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا چارە بکەن بێ ئەوەی دژ بە خواستی ئەلزاسەکان بوەستنەوە. وە لە بری ئەمە، هەموو قسەکردنێك لەبارەی مەترسی گەورەی "ئەلزاسە فەرەنسییەکان" کە خۆیان بەزۆرەملێ دەسەپێنن بەسەر فەرەنسادا، نەزانی و نەفامییەکی ڕاستەقینەیە.

### 3 ــ لکاندن "Annexation" چییە؟[1]

ئەم پرسەمان زۆر بە ڕوونی لە تێزەکانماندا (پەرەگرافی حەوت) وروژاندووە. هاوڕێ پۆڵەندییەکان وەڵامیان نەدایەوە: خۆیان لێ دزییەوە و پێداگیربوون کە

1- دژی سیاسەتی لکاندنن.

2- ڕوونیان کردەوە بۆچی دژیین. راستە ئەمانە پرسی گرنگن،بەڵام جۆرێکی تری پرسن. ئەگەر بمانەوێت پرەنسیپەکانمان لە ڕووی تیۆرییەوە تەواو دروست بن و بە وردی و ڕوونی فۆرمولە بین، ئەوا ناکرێ خۆمان بدزینەوە لە پرسیاری: لکاندن چییە؟ لە کاتێکدا ئەم کۆنسێپتە لە وروژاندن و پڕوپاگەندە سیاسییەکانماندا بەکاردێت. نەبوونی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە لەلایەن هاوڕێ پۆڵەندییەکانمانەوە تەنها بە دەستبەرداببوون لە هەڵوێستی خۆیان ڕاڤە دەکرێت.

بۆچی ئەم پرسەمان وروژاند؟ ئێمە لەکاتی وروژاندنیدا ڕوونمان کردەوە کە "بەگژداچوونەوەی لکاندن هیچ نییە جگە لە پێداگری لە سەر مافی چارەی خۆنووسین". کۆنسێپتی لکاندن ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1 ــ هێز (لکاندن لە ڕێگەی هێزەوە).

2 ــ چەوساندنەوە لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە (لکاندنی ناوچەی "بێگانە"... هتد).

3 ــ هەندێکجاریش کۆنسێپتی پێشێلکردنی ڕەوشی هەنووکەیی.

پێشتر لە تێزەکانماندا ئەمەمان ئاشکرا کردووە و کەسیش ڕەخنەی نەگرتووە.

دەکرێت بپرسرێت، ئایا سۆسیال دیموکراتەکان بە گشتی دژی بەکارهێنانی هێزن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دژی لکاندنین نەك لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی هێزی تێدایە، بەڵکو لەبەر چەند هۆیەکی تر. هەروەك سۆسیال دیموکراتەکان ناتوانن لایەنگری ڕەوشی هەنووکەیی بکەن، هەرچەند بتوانین ماناکان بگۆڕی یان بشێوێنی: لکاندن پێشێلی کۆنسێپتی مافی چارەی خۆنووسینە و دیاریکردنی سنوری دەوڵەتە بە پێچەوانەی خواستی دانیشتوانەوە.

دژبوون بە سیاسەتی لکاندن واتا پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین. هەروەها دژبوونیش بە "هێشتنەوەی بەزۆرەملێی نەتەوەکان لەسنوری دەوڵەتەکاندا" هەمان مانایە. ئێمە بە ئەنقەست ئەم دارشتنە کەمێك گۆڕاوەی هەمان ئایدیای پەرەگراف چواری تێزەکانمان بەکارهێنا، هاوڕێ پۆڵەندییەکانیش وەڵامێکی ڕوونیان داینەوە بەوەی ئەوان "دژی بەزۆرەملێ هێشتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکانن لەناو سنوری دەوڵەتە باڵادەستەکاندا". ئەمەش بەمانای پشتگیریکردنە لە مافی چارەی خۆنووسین.

---

1Annexations ، الحاق :ئەم وشەیە چەندین جار لەم کتێبەدا هاتووە، مەبەستی لینین لەو پرۆسەیە کە دەوڵەتە زلهێزەکان ناوچەیەک یان هەرێمێک دەخەنەسەرخۆیان و موستەعمیرەکانیان فراوان و زۆرتر دەکەن.

ئێمە نامانەوێت مشتومڕ لەسەر زاراوە بکەین. ئەگەر پارتێك هەبێت لە پرۆگرامەکەیدا ( یان لە بڕیارێکی فەرمیدا، فۆرمەکەی گرنگ نییە ) بڵێت کە دژی لکاندنە، یان دژی بەزۆرەملێ هێشتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکانە لەناو سنوری دەوڵەتەکەیدا، ئەوا ئێمە لەڕووی پرەنسیپەوە ڕێکەوتنی خۆمانی لەگەڵ ڕادەگەیەنین. بۆیە بێ مانایە پێداگری لەسەر " مافی چارەی خۆنوسین " بکرێت بەشێوە زارەکییەکەی. ئەگەر کەسانێك هەبن لە ناو پارتەکەماندا بیانەوێت گۆڕانکاری لە وشەکاندا بکەن، ئەوانەن دەیانەوێت دەستکاری بەندی نــوێ بکەن لە پرۆگرامی پارتەکەمان ئەوا پێویستە جیاوازیمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بە جیاوازی لە ڕووی پرەنسیپەوە دابنرێت و هیچی تـر!

ئەوەی گرنگە ڕوونی سیاسی و ڕاستی تیۆریی دروشمەکانمانە.

لە گفتوگۆ زارەکییەکانماندا لەسەر ئەم پرسە کە کەس لە گرنگی کەم ناکاتەوە بەتایبەت لە ئێستادا و بەهۆی جەنگەوە ئەم ئەرگۆمێنتەمان ڕووبەڕوو بووەوە ( کە لە ڕۆژنامەوە تووشی نەبووین ):

دژ بـوون بە خراپەیەکی ئاشکرا مانای دانپیانان بە کۆنسێپتێکی ئەرێنی نایەت کە ڕێگە لەم خراپەیە دەگرێت. ئەم ئەرگۆمێنتە بێ بنەمایە و ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێت کەس لە ڕۆژنامەکاندا تووشی نەبووە. ئەگەر پارتێکی سۆشیالیستی ڕای بگەیەنێت کە " دژی بەزۆرەملێ هێشتنەوەی نەتەوە ژێـردەستەکانە لەناو سنوری دەوڵەتە باڵادەستەکان " بەم هۆیەوە ئەرکە لەسەری دژی ئەم کردارە بوەستێتەوە کاتێك دەسەڵات وەردەگرێت.

بۆ ساتێکیش گومانمان لەوە نەبووە ئەگەر هیندنبێرگ سبەی نیمچە سەرکەوتنێك بەسەر ڕوسیادا بەدەست بهێنێت و ئەم نیمچە سەرکەوتنەش ببێتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی پۆڵەندی نوێ ( بەگوێرەی خواستی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ لاوازکردنی قەیسەرییەت )، کە ئەمەش دەکرێت ڕووبدات بە لەبەرچاوگرتنی یاسا ئابورییەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم، ئەگەر دووسبەی شۆڕشی سۆشیالیستی سەربکەوێت لە پیترۆگراد، بەرلین، وارسۆ، ئەوا حکومەتی سۆشیالیستی پۆڵەندا هاوشێوەی حکومەتە سۆشیالیستەکانی ڕوسیا و ئەڵمانیا بەرهەڵستی " بەزۆرەملێ هێشتنەوە"ی بۆ نموونە ئۆکرانیایان دەکرد " لەناو سنوری دەوڵەتی پۆڵەندا ". ئەگەر ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری گازێتا ڕۆبۆتنیزا لەو حکومەتەدا بوونیان هەبێت ئەوا بێ گومان دەست بەرداری " تێزەکانیان " دەبوون و ئەو " تیۆرەیان " بە درۆ دەخستەوە کە دەیگووت " بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین نامومکینە لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا ". ئەگەر بە جۆرێکی تر بیرمان بکردایەتەوە ئەوا نەدەبوو گفتوگۆیەکی هاوڕێیانە لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان ئەنجام بدەین، بەڵکو دەبوو ململانێیەکی بێ بەزەییانەیان لە دژ ئەنجام بدەین بە ڕەچاوکردنیان وەکو شۆڤێنیست.

وادابنێ ڕۆژێك من سەرپەرشتی (نارەزایەتی)یەکی گشتی بکەم لە شەقامی یەکێك لە شارە ئەوروپییەکان و، لە ڕۆژنامەشدا بڵاوم کردبێتەوە، دژ بە ڕێگەنەدانم بەوەی پیاوێك وەك کۆیلەی خۆم بکرم، ئەوکات بێ گومان خەڵك مافی خۆیەتی وەکو خاوەن کۆیلەیەك لێم بروانن، هەروەها وەك پاڵەوانێکی پرەنسیپ و سیستەمەکەش

ئەگەر لە خوازیارانی کۆیلایەتی بن. کەسیش فریو ناخوات بەو فاکتەی کە سۆزی من بۆ کۆیلایەتی بە فۆرمێکی نەرێنی دەربڕاوە نەوەك فۆرمێکی ئەرێنی (من لەگەڵ کۆیلایەتیم).

" نارەزایەتی " سیاسی بە تەواوی هاوتای پرۆگرامی ساسییە، ئەمەش هێندە ئاشکرایە کە پێم شەرمە ڕوونی بکەمەوە. بەهەرحاڵ ئێمە دڵنیاین لەوەی کە تووشی هیچ جۆرێك لە نارەزایەتی نابین لەلایەن باڵی چەپی زیمەرڤاڵدەوە ــ ئێمە باسی گرووپی زیمەرڤاڵد ناکەین بەگشتی، چونکە مارتۆڤ و شوێنکەوتوانی تری کاوتسکی لە خۆ دەگرێ ــ ئەگەر بڵێین لە ئەنتەرناسیۆنالی سێیەمدا جێگەیەك بۆ ئەو کەسانە نییە کە نارەزایەتی سیاسی و پرۆگرامی سیاسی لێك جیادەکەنەوە، یان هاوتای یەکیان بکەن.. و هتد.

ئێمە نامانەوێت مشتومڕ لەسەر زاراوەکان بکەین بۆیە ڕێگە بە خۆمان دەدەین بە دڵپاکییەوە ئومێدی ئەوە بکەین کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان لە نزیکترین کاتدا هەوڵدەدەن پێشنیارێکی فەرمی بکەن بۆ سڕینەوەی بەندی نـۆ لە پرۆگرامی پارتەکەماندا ( کە لە پرۆگرامی خۆشیاندا هەیە ) و هەروەها سڕینەوەی لە پرۆگرامی ئەنتەرناسیۆنالدا ( بڕیاری کۆنگرەی لەندەنی ساڵی 1896 )، لەلایەکی ترەوە پێناسەکەی خۆیان بۆ کۆنسێپتە ساسییە نەگۆڕەکان لەسەر ( کرداری لـکاندنی " کۆن و نوێ " و " هێشتنەوەی بەزۆرملێی نەتەوە ژێـردەستەکان لە ناو سنوری دەوڵەتە باڵادەســتەکان " جێگیر بکەن.

ئێستەش با بچینە سەر پرسیاری داهاتوو.

### 4 ــ لەگەڵ یان دژی سیاسەتی لـکاندن؟

لە پەرەگرافی سێیەمی بەشی یەکەمی تێزەکانیاندا هاوڕێ پۆڵەندییەکان بە ڕوونی دژایەتی خۆیان بۆ هەموو جۆرەکانی لـکاندن ڕادەگەیەنن، بەڵام بەداخەوە لە پەرەگرافی چوارەمی هەمان بەشدا ئاماژەیەك بەدی دەکرێت بۆ پێداگری لەسەر سیاسەتی لـکاندن. ئەویـش بەم دەربڕینە سەیرە دەست پێدەکات...

کە نازانم چۆن بە نەرمی دایـبڕێژم؟:

" خاڵی دەسپێکی تێکۆشانی پارتی سۆسیال دیموکرات دژ بە کرداری لـکاندن، و دژ بە چەوسانەوە و بەزۆرەملێ هێشتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لەناو سنوری دەوڵەتە باڵادەستەکاندا، بریتییە لە دژایەتی هەموو جۆرەکانی بەرگری لە نیشتیمان (هێڵەکە لەلایەن نوسەرە پۆڵەندییەکانەوەیە)، چونکە ئەم بەرگرییە لە قۆناغی ئیمپریالیزمـدا بەرگرییە لە مافی چینی بۆرژوازی ئەو وڵاتە بۆ سـتەم و چەوساندنەوەی میلەتە بێگانەکان..."

ئەمە واتای چییە؟ چـۆن دایانـڕشـتووە؟

" خاڵی دەسپێك بۆ تێکۆشان دژی سیاسەتی لـکاندن دژایەتی کردنی هەموو شێوەکانی بەرگرییە لە نیشتیمان "، بەڵام هەموو جەنگە نەتەوەییەکان و شۆڕشە نەتەوەییەکان دەکرێ ناوبنرێن بە " بەرگری لە نیشتیمان " و تا ئێستاش بەم شێوەیە بـووە!

وەکو ئەوەیە بیانەوێت بڵێن: ئێمە دژی سیاسەتی لکاندنین، بەڵام... لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە دژی داگیرکراوێکین کاتێ جەنگێك بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکەرەکەی هەڵدەگیرسێنێت، وە دژی شۆڕشی داگیرکراوانین بۆ ڕزگاربوون داگیرکەران !

ئایا ئەوە جاڕدانی پشتگیری نییە بۆ سیاسەتی لکاندنی بەزۆرەملێ ؟

داهێنەرانی ئەم تێزە بەهانەیان بۆ دەربڕینە سەیرەکەیان ئەوەیە کە بەرگریکردن لە نیشتیمان " لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا " بە بەرگریکردن لە مافی چینی بۆرژوازی کۆتایی دێت بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی بێگانە. ئەمە ڕاستە، بەڵام تەنها بۆ جەنگی ئیمپریالیستەکان، واتە بۆ جەنگی نێوان دوو دەوڵەتی ئیمپریالیست یان کۆمەڵێك دەوڵەتی ئیمپریالیست، چونکە هەردوو لایەنی جەنگەکە تەنها " میللەتە بێگانەکان ناچەوسێننەوە " بەڵکو دەجەنگن بۆئەوەی دیاری بکەن کامیان پشکی زیاتری لەو چەوساندنەوەیە بەردەکەوێت!

وادیارە داهێنەرانی ئەم بۆچوونە پرسی " بەرگریکردن لە نیشتیمان" بەجۆرێك دەخەنە ڕوو کە تەواو جیاوازە لەگەڵ دیدگای پارتەکەی ئێمە. ئێمە " بەرگری لە نیشتیمان" لە جەنگی ئیمپریالیستیدا ڕەتدەکەیەنەوە، ئەوەش بەڕوونی لە مانیفێستی کۆمیتەی ناوەندی پارتەکەماندا باسکراوە و هەروەها لە بڕیارەکانی کۆنگرەی بێرندا کە لە نامیلکەی " سۆشیاڵیزم و جەنگ " دا دانراو بە ئەڵمانی و فەرەنسی بڵاوکرایەوە. دووجاریش ئاماژەمان بەم بۆچوونە کردووە لە ( پاشکۆکانی پەرەگرافی چوار و شەش ). وادیارە داهێنەرانی تێزە پۆڵەندییەکان دژی بەرگرین لە نیشتیمان بەگشتی، واتە دژی جەنگی نەتەوەیین، لەوانەیە باوەڕیان وابێت " لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا " جەنگی نەتەوەیی ئەستەمە، ئێمە دەڵێین " لەوانەیە"، چونکە هاوڕێ پۆڵەندییەکان ئەمەیان دەرنەبڕیوە لە تێزەکانیاندا.

بەڵام ڕایەکی وەها بەڕوونی دەبینین لە تێزەکانی گرووپی (ئەنتەرناسیۆنال)ی ئەڵمانی، هەروەها لە نامیلکەی جۆنیۆسدا کە وتارێکی تایبەتمان بۆی تەرخان کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە لەوێدا باسکراوە پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە شۆڕشی نەتەوەیی وڵات یان ناوچەیەکی داگیرکراو دژ بە دەوڵەتی داگیرکەر دەکرێ بە وردییەوە ناوبنرێت شۆڕش نەوەك جەنگ ( ئەم ناڕەزایەتییەمان بیستووە، بۆیە لێرەدا باسمانکردووە هەرچەند پێمان وایە ئەم جیاوازی و ناکۆکییە لەبارەی وشە و زاراوەکانەوە زۆر گرنگ و مەترسیدار نییە ).

بەهەرحاڵ ئەستەمە کەسێك سەرکێشی بکات و نکۆڵی بکات لەوەی بەلجیکا و سربیا و گالیسیا و ئەرمینیا " شۆڕشەکەیان " دژ بە داگیرکەرەکانیان ناوبنێن بە "بەرگری لە نیشتیمان" ئەوان مافی خۆیانە ئەم کارە بکەن. وادەزانم هاوڕێ پۆڵەندییەکان دژی ئەم جۆرە لە شۆڕشن بە بیانوی ئەوەی چینی بۆرژوازەکان لەناو ئەو وڵاتە داگیرکراوانەدا بوونیان هەیە، کە ئەوانیش میللەتە بێگانەکان دەچەوسێننەوە، ڕاستتر بڵێین، دەکرێت بیانچەوسێننەوە، چونکە پرسەکە پرسی "مافی چەوساندنەوە" یە. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە هاوڕێ پۆڵەندییەکان کاتێك جەنگێك یان شۆڕشێکی دیاریکراو هەڵدەسەنگێنن ناڕواننە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکەی کە "تێکۆشانی نەتەوەیەکی چەوساوەیە بۆ ڕزگاربوون لە دەوڵەتێکی چەوسێنەر" بەڵکو دەڕواننە

ئەگەری پراکتیزەکردنی "مافی چەوساندنەوە" لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە کە هێشتا خۆی چینێکی چەوسێنراوە لەناو ئەو وڵاتە داگیرکراوەدا. بۆ نموونە ئەگەر ئەڵمانیا لەساڵی 1917 دا بەلجیکا داگیربکات و خاکەکەی بلکێنێت بە خۆیەوە و لەساڵی 1918 دا بەلجیکا شۆڕش بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەربەستی، ئەوا هاوڕێ پۆڵەندییەکان دژی شۆڕشەکە دەبن بە بیانوی ئەوەی بۆرژوازییەتی بەلجیکی "مافی چەوساندنەوەی میللەتە بێگانەکان" بەدەست دەهێنن!.

ئەم ئەرگۆمێنتە خاڵییە لە هەر ڕۆحییەتێکی مارکسی و تەنانەت شۆڕشگێڕیش. ئەگەر نامانەوێت خیانەت لە سۆشیاڵیزم بکەین ئەوا ئەرکە لەسەرمان پشتیوانی هەموو ئەو شۆڕشانە بکەین کە دژی دوژمنە سەرەکییەکەمانن ئەویش بۆرژوازییەتی دەوڵەتە زلهێزەکانە، بەمەرجێك شۆڕشی چینی کۆنەپەرست نەبێت. ئەگەر ئێمە ڕەتی بکەینەوە کە هاوکاریی شۆڕشی ناوچە داگیرکراوەکان بکەین ئەوا بابەتییەن دەبینە پشتگیری سیاسەتی داگیرکاری و لکاندن. لە ئەمڕۆدا و بەتایبەت لە "لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا" کە قۆناغی شۆڕشی سۆشیاڵیزمی ساوایە، پێویستە پرۆلیتاریا بە تەواوی هاوکاری شۆڕشی ناوچە داگیرکراوەکان بکات تاوەکو سبەی یان لە هەمان کاتدا بۆرژوازییەتی دەوڵەتە "زلهێزەکان" لەناو بەرێت کە بەهۆی شۆڕشەکانەوە لاوازکراوە.

بەڵام هاوڕێ پۆڵەندییەکان سەرەڕای ئەمەش هەنگاوی زیاتر دەنێن لە ئاراستەکەیاندا کە پشتگیرییە لە داگیرکاری و لکاندن. ئەوان بەوە ناوەستن کە دژی هەر شۆڕشێك بن لەلایەن ناوچە داگیرکراوەکانەوە بەڵکو دژی هەر هەوڵێکن کە ئەو ناوچانە بیگرنە بەر بۆ گەڕاندنەوەی سەربەخۆییان ئەگەر هەوڵێکی ئاشتییانەش بێت. بڕوانن:

" سۆسیال دیموکراتی ڕەتی دەکاتەوە کە هەر بەرپرسیارێتییەك هەڵبگرێت کە دەرئەنجامی سیاسەتی چەوساندنەوە بێت کە ئیمپریالیزم پیادەی دەکات، لە تێکۆشانیدا دژی ئەم سیاسەتە بە هیچ جۆرێك <u>بەباشی نازانێت هێڵی سنوریی نوێ لەناو ئەوروپادا بونیاد بنرێت یان ئەو هێڵە سنورییانەی کەئیمپریالیزم لەناوی بردوون دووبارە بونیاد بنرێنەوە</u>(هێڵەکە لەلایەن نوسەرە پۆڵەندییەکانەوەیە)".

لە ئێستادا ئیمپریالیزم هێڵە سنورییەکانی نێوان ئەڵمانیا و بەلجیکا و هەروەها نێوان ڕوسیا و گالیسیای تێکشکاندووە. سۆسیال دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنالیش، بەڕای هاوڕێ پۆڵەندییەکان، دەبێت دژی هەر جۆرە هەوڵێك بن بۆ دووبارە بونیاد نانەوەی ئەو سنورانە. لەساڵی 1905 دا و "لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا" کاتێك پەرلەمانی ئۆتۆنۆمی نەرویج جیابوونەوەی وڵاتەکەی لە سوید ڕاگەیاند، وە کاتێك هەوڵی کۆنەپەرستەکانی سوید بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی سوید دژ بە بەلجیکا بەهۆی نارەزایەتی کرێکارانی سوید و دۆخی ئیمپریالیزمی جیهانییەوە شکستی هێنا ـ سۆسیال دیموکراتەکان بە ڕای هاوڕێ پۆڵەندییەکان دەبوو دژی جیابوونەوەی نەرویج بن، چونکە ئەمە بێ دوودڵی مانای "بونیادنانی سنوری نوێیە لە ئەوروپا"!

ئەم ئاراستەیە بە ئاشکرا باوەڕی بە سیاسەتی داگیرکاری و لکاندن هەیە. پێویست ناکات بەرپەرچی بدەینەوە، چونکە خۆی بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. هیچ پارتێکی سۆشیالیستی سەرکێشی ناکات بەوەی خاوەنداریێتی لەم هەڵوێستە بکات و بڵێت: "ئێمە بەگشتی دژی سیاسەتی لکاندنین، بەلام لە ئەوروپا پەسەندی دەکەین یان لێی بێدەنگ دەبین ئەگەر ڕووبدات ".

ئێمە تەنها دەمانەوێت سەرچاوە تیۆرییەکانی ئەو هەڵەیە دیاری بکەین کە هاوڕێ پۆڵەندییەکانی بەرەو ئەم "نائیمکانییەت"ە ئاراستەکردووە. دواتریش ئەوە ڕوون دەکەینەوە بۆچی هیچ جیاکارییەك نابینین لە هەمبەر ئەوروپاوە. ئەم دوو دەربڕینەی ناو تێزەکانی هاوڕێ پۆڵەندییەکان سەرچاوەکانی تری هەڵەکە ڕوون دەکەنەوە:

"کاتێك ڕەوڕەوەی ئیمپریالیزم خولایەوە و دەوڵەتە سەرمایەدارییە تازە دروست بووەکانی لەژێریدا پلیشاندەوە، ئەوا لەوێدا چەقبەستنی سیاسی و ئابووریی جیهانی سەرمایەداری لە فۆرمێکی دڕندانەی چەوساندنەوەی ئیمپریالیستیدا بەدەردەکەوێت، ئەمەش ڕێگا بۆ سۆشیالیزم خۆشدەکات".

ئەم پاکانەیە بۆ سیاسەتی لکاندن هیچ پەیوەندی بە مارکسیزمەوە نییە، بەڵکو ئاراستەی سترۆڤیزمە. سۆسیال دیموکراتە ڕوسییەکان کە ڕووداوەکانیساڵی 1980 یان لە یادە، زۆرباش ئاشنای ئەم شێوازەن لە شێواندنی مارکسیزم، کە شێوازێکە لەلای سترۆڤ و کاناو و لێگین و هاوکارانیان بەدی دەکرێت. لە ناو تێزەکانی هاوڕێ پۆڵەندییەکانماندا و لە (بەشی سێ ــ پەرەگرافی دووەم) دا ئەم باسە دەخوێنینەوە لەسەر سترۆڤیستە ئەڵمانییەکان کە بە "سۆسیال ئیمپریالیستەکان" ناودەبرێن:

"(دروشمی مافی چارەی خۆنووسین) بە هۆی سروشتە وەهمی و خەیاڵییەکەیەوە هەلی بۆ سۆسیال ئیمپریالیستەکان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی خەباتمان دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی وەکو ئاراستەیەکی عاتیفیانە وێنابکەن کە هیچ بناغەیەکی مێژوویی نییە، تاوەکو لە دواتردا باوەڕی پرۆلیتاریا بە زانستی بوونی پرۆگرامی سۆسیال دیموکراتی لاواز بکەن ".

ئەمە واتا داهێنەرانی ئەم بۆچوونە هەڵوێستی سرۆڤیستە ئەڵمانییەکان بە "زانستي" دادەنێن! پیرۆزباییان لێ دەکەین.

لەڕاستیدا لاوازترین شت دەتوانێ ئەم ئەرگۆمێنتە سەیرە هەرەس پێ بهێنێت، کە هەڕەشەی ئاشکرا کردنی ڕاستی و دروستی هەڵوێستی شوێنکەوتووانی لینچ و کانا و و پارڤۆس دەکات بەراورد بە هەڵوێستی ئێمە: ئەوەش ئەوەیە بیری شوێنکەوتووانی لینچ گونجاوە لەگەڵ ڕێبازەکەیاندا، لە ژمارەکانی 8 و 9 ی گۆڤاری ئەڵمانی شۆڤێنیستی (گلۆك) دا ــ ئەوەمان بە مەبەست باسکرد لە تێزەکانماندا ــ لینچ لەیەك کاتدا دەیەوێت "نا زانستي"بوونی دروشمی چارەی خۆنووسین (دیارە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان ئەم ئەرگۆمێنتەی لینچ بە ڕەتنەکراوە و چەسپاو دادەنێن، ئەمەش لە تێزەکانیاندا بەدی دەکرێت کە باسمانکردن) و،هەروەها "نا زانستي"بوونی دروشمی بە گژداچوونەوەی سیاسەتی لکاندنیش بسەلمێنێت!

لـینچ زۆر بە باشی و جوانی لەو ڕاستییە سادەیە تـێدەگات کە بۆ هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان ڕوونکردەوە و ئەوانیش نەیانـویست وەڵامـمان بدەنەوە، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە: هیچ جیاوازییەکی " سیایی یان ئابووری" تەنانەت لۆژیکیش نییە لەنێوان "دانــان" بە مافی چارەی خۆنووسین و "دژبوون" بە سیاسەتی لـکاندن. ئەگەر هاوڕێ پۆڵەندییەکان ئەرگـۆمێنتی شوێنکەوتووانی لـینچ دژ بە مافی چارەی خۆنووسین بە دروست بزانن ئەوا ڕاستییەك هەیە پێویستە قبوڵی بکەن ئەوەش ئەوەیە کە: شوێنکەوتووانی لـینچ ئەم ئەرگۆمـێنتانە بۆ دژایەتی تێکۆشان دژ بە سیاسەتی لـکاندن بەکار دەهێنن.

ئەو هەڵە تیۆرییەی کە بۆتە بناغەی هەموو ئەرگۆمێنتەکانی هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان، بوە هۆی ئاراستەکردنیان بۆ بوون بە پشتگیرێکی دژەخـۆ لە سیاسەتی لـکاندن.

## 5 ـ بۆچی سۆسیال دیموکراتەکان دژی سیاسەتی لـکاندنن؟

بە بۆچوونی ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە، چونکە سیاسەتی لـکاندن دژی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانە و فۆرمێکە لە فۆرمەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی.

بە ڕای سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان پێویستە ڕوونکردنەوەی تایبەت هەبێت بۆ هۆکاری دژایەتی کردنی سیاسەتی لـکاندن، ئەو ڕوونکردنەوانەش (بەشی سێ – پەرەگرافی یەك لە تێزەکانیاندا) بووە هۆی ئەوەی داهێنەرانی ئەم بۆچوونە بکەونە ناو زنجیرەیەکی تری دژیەکییەوە.

ئەوان دوو ئەرگۆمێنت دەهێننەوە وەکو بەهانە بۆ دژایەتیمان بەرامبەر سیاسەتی لـکاندن (سەرەڕای ئەرگۆمێنتە "زانستیەکانی" شوێنکەوتووانی لـینچ).

یەکەم: "بەرامبەر ئەو بۆچوونەی پێی وایە کە سیاسەتی لـکاندن لە ئەوروپادا پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی سەربازی دەوڵەتە ئیمپریالیستە سەرکەوتووەکان، سۆسیال دیموکراتەکان ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو کە سیاسەتی لـکاندن تەنها خزمەت بە تۆخکردنەوەی دوژمنایەتییەکان و زیادکردنی مەترسی جەنگ دەکات...".

ئەمە وەڵامێکی کەم و کورتە بۆشوێنکەوتووانی لـینچ، چونکە ئەرگۆمێنتی سەرەکی ئەوان ئەوەنییە کە سیاسەتی لـکاندن پێویستییەکی سەربازییە، بەڵکو سیاسەتێکی ئابووری پێشکەوتن خوازانەیە و مانای چەقبەستنە لە سایەی ئیمپریالیزمدا. ئەمە چی لۆژیکێکە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان لە یەك کاتدا دان بە سروشتی پێشکەوتن خوازی ئەم چەقبەستنەدا بنێن لە کاتێکدا دووبارە بونیادنانەوەی ئەو هێڵە سنورییانەی کە ئیمپریالیزم لە ئەوروپادا لەناوی بردوون ڕەتدەکەنەوە و، لە دواتریشدا دژ بە سیاسەتی لـکاندن دەوەستنەوە؟

دوای ئەمەش پرسیارێك هەیە: کام جۆری جەنگ مەترسییەکەی زیاد دەکات بەهۆی سیاسەتی لـکاندنەوە؟

بەدڵنیایەوە جەنگی ئیمپریالیستی نییە، چونکە جەنگە ئیمپریالیستەکان هۆکاری تریان هەیە. دوژمنایەتیە سەرەکییەکان لەم جەنگە ئیمپریالیستییەی ئێستادا بێ گومان لەنێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا، ئەڵمانیا و ڕوسیایە. ئەم دوژمنایەتیانە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتی لـکاندنەوە نییە. ئەو مەترسییەی کە زیاد دەکات مەترسی

جەنگ و شۆڕشە نەتەوەییەکانە، بەڵام چۆن دەکرێ کەسێك لەلایەکەوە ڕایبگەیەنێت کە جەنگی نەتەوەیی ئەستەمە "لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا" و لەلایەکی ترەوە باس لە "مەترسی" جەنگی نەتەوەیی بکات؟ ئەمە نالۆژیکییە.

ئەرگۆمێنتی دووەم: کرداری لکاندن "کەلێن لەنێوان پرۆلیتاریای نەتەوەی باڵادەست و پرۆلیتاریای نەتەوەی ژێردەست دروست دەکات... بۆیە پرۆلیتاریای نەتەوەی ژێردەست لەگەڵ چینی بۆرژوازی نەتەوەکەیاندا یەکدەگرن و هەردووکیان وەکو دوژمنی خۆیان سەیری پرۆلیتاریای نەتەوەی باڵادەست دەکەن. بەوەش لە بری ئەوەی پرۆلیتاریا شەڕێکی چینایەتی ئەنتەرناسیۆنال هەڵبگیرسێنێ دژ بە بۆرژوازییەتی جیهان، دابەش دەبن و ئایدۆلۆژییەن گەندەڵ دەبن".

ئێمە بە تەواوی هاوڕاین لەگەڵ ئەم ئەرگۆمێنتانە، بەڵام ئایا لۆژیکییە ئێمە لەیەك کاتدا دوو ئەرگۆمێنت لەسەر هەمان پرس بخەینە ڕوو کە یەکتری هەڵدەوەشێننەوە.

ئەوەتا لە پەرەگرافی سێیەمی پەرەگرافی یەکی تێزەکانیاندا دەبینین ئەرگۆمێنتی پێشوو کە وای دەبینێ سیاسەتی لکاندن دەبێتە هۆی دابەشبوونی ڕیزەکانی پرۆلیتاریا، دوای ئەوە لە پەرەگرافی چواردا داوامان لێ دەکات دژی ڕەتکردنەوەی ئەو کرداری لکاندنە بین کە لە ئەوروپا ڕوویانداوە وکاریان تێکردووە و لە بەرامبەردا هەوڵبدرێت بۆ " پەروەردەکردنی جەماوەری کرێکارانی هەردوو نەتەوەی باڵادەست و ژێردەست بە ڕۆحێکی هاوپشتییانە بۆ تێکۆشان". ئەگەر ڕەتکردنەوەی کرداری لکاندن ئاراستەیەکی عاتیفی و کۆنەپەرستانە بێت ئەوا نابێت بگوترێت کرداری لکاندن "کەلێن" دەخاتە نێوان ڕیزەکانی "پرۆلیتاریا" وە و دابەش بوون دروست دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت وەك پێشمەرجی یەکگرتنی پرۆلیتاریای نەتەوە جیاوازەکان لێی بڕوانین.

ئێمە دەڵێین: بۆ ئەوەی بتوانین شۆڕشێکی سۆشیاڵیستی سەربخەین و بۆرژوازییەت لەناو بەرین، پێویستە یەکێتی ڕیزەکانی کرێکاران زیاتر بێت، ئەم یەکێتییەش لە ڕێگەی تێکۆشان لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسیندا بەدەست دێت، مەبەستمان تێکۆشانە دژ بە سیاسەتی لکاندن.

هەڵوێستی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هاوڕێ پۆڵەندییەکان کە پێیان وایە ئەو کرداری لکاندنانەی لە ئەوروپا ڕوویانداوە " نابێت هەڵبوەشێنرێنەوە" و جەنگە نەتەوەییەکان "ئەستەمن"، ئەوا ئەوان شکست بە خۆیان دەهێنن کاتێك دژی کرداری لکاندن دەوەستنەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتەکانیان لەسەر جەنگی نەتەوەیی!، چونکە ئەم ئەرگۆمێنتانە دەمانگەیەنن بەوەی کرداری لکاندن کۆسپ دەخاتە ڕێگەی یەکڕیزی و هاوپشتی نێوان کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان!

بە مانایەکی تر، سۆسیال دیموکراتی پۆڵەندییەکان لە هەوڵیاندا بۆ دژایەتی سیاسەتی لکاندن ناچارن لە کۆگای تیۆری خۆیاندا چەند ئەرگۆمێنتێك دەربهێنن کە خۆیان لەڕووی پرەنسیپەوە ڕەتی دەکەنەوە.

پرسی کۆڵۆنییەکان زیاتر ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

## 6 ـ ئایا دەکرێت کۆڵۆنییەکان بە "ئەورووپا" بەراورد بکەین لەم پرسە هەنوکەییەدا؟

لە تێزەکانماندا هاتووە کە خواستی دەستبەجێ ڕزگارکردنی شۆڕشگێڕانەی کۆڵۆنییەکان "ناموومکینە" (واتا بەبێ زنجیرە شۆڕشێك بەدی نایەت و بەبێ سۆشیالیزم بەردەوام نابێت) لە سایەی سەرمایەداریدا، ئەمیش هاوشێوەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و هەڵبژاردنی کارمەندە مەدەنییەکانی دەوڵەت و کۆماری دیموکراتی... هتد. هەروەها خواستی ڕزگارکردنی کۆڵۆنییەکان هیچ نییە جگە لە "دانـنان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکاندا".

هاوڕێ پۆڵەندییەکان وەڵامی هیچ یەکێك لە ئەرگۆمێنتەکانیان نەدایەوە، بەڵکو هەوڵیاندا جیاوازی بکەن لە نێوان "ئەورووپا" و کۆڵۆنییەکاندا. ئەوان لە هەمبەر ئەورووپاوە بوون بە پشتگیری سیاسەتی لـکاندن ئەمەش بەو هۆیەی هەڵوەشاندنەوەی هەموو کردارێکی لـکاندن ڕەت دەکەنەوە کە لە ئەورووپا ڕوویانداوە، بەڵام لەبارەی کۆڵۆنییەکانەوە یەك داواکاری بێ مەرجیان هەیە ئەویش "دەرچن لە کۆڵۆنییەکان!".

بەم شێوەیە بێت، دەبێت سۆشیالیستە ڕووسییەکان ئەم داواکارییە پێشکەش بکەن: "دەرچن لە تورکستان و خیڤا و بوخارا... و هتد" بەڵام ڕەنگە بە "خەیاڵپڵاو" و "عاتیفی و نازانستی" و چەندین تۆمەتی تر تۆمەتبار بکرێن، بەهەمان شێوە ئەگەر داوای ئازادی جیابوونەوەی پۆڵەندا و فینلەندا و ئۆکرانیا و ئەوانی تر بکەن. وە دەبێت سۆشیالیستە بەریتانییەکانیش ئەم داواکارییە بکەن "دەرچن لە ئەفریقیا و هیند و ئوستralیا" بەڵام دەرمەچن لە ئیرلەندا. بەڵام بناغە تیۆرییەکانی ئەم جیاکارییە نادروستە چین؟ کێشەیەکی وەها ناکرێت فەرامۆش بکرێت.

ئەرگۆمێنتی بنەڕەتی دژەکانی مافی چارەی خۆنووسین ئەوەیە کە "ناموومکینە". بەڵام هەمان ئایدیا بە کەمێك جیاوازییەوە باسیان کردووە لە شوێنێکدا کە ئاماژە بە "چەق بەستنی سیاسی و ئابووری" دەکەن.

ئاشکرایە چەق بەستن بە لـکاندنی کۆڵۆنییەکانیش ڕوو دەداتەوە. پێشتریش جیاوازی هەبوو لەنێوان کۆڵۆنییەکان و میللەتە ئەورووپییەکان ـ یان بەلایەنی کەم زۆرینەی میللەتە ئەورووپییەکان ـ کۆڵۆنییەکان بوون بە گۆڕەپانێك بۆ گۆڕینەوەی کاڵا نەوەك بۆ بەرهەمێنانی سەرمایەداری. ئیمپریالیزم ئەم دۆخەی گۆڕی. ئیمپریالیزم زیاتر لە هەموو شتێکی تر سەرمایە هەناردە دەکات. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە خێراییەکی زۆر گوازرایەوە بۆ کۆڵۆنییەکان و هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ دەربازکردنی بە پەشت بەستن بە ئابووری سەرمایەداریی ئەورووپی. ئەگەر لە گۆشەنیگای سەربازی و فراوانبوونەوە لێی بڕوانین ئەوا جیابوونەوەی کۆڵۆنییەکان تەنها لە سایەی سۆشیالیزمدا مومکینە. بەڵام لە سایەی سەرمایەداریدا تەنها لە ڕێگەی زنجیرەیەك ڕاپەڕین و شۆڕشەوە بەدی دێت کە کۆڵۆنی و میترۆپۆلیتانەکان لە ئەستۆی بگرن.

بەشی زۆری نەتەوە پاشکۆکانی ئەورووپا (هەموو نەتەوە پاشکۆکان ناگرێتەوە، لەوانە ئەلبانییەکان و زۆربەی نەتەوە ناڕووسییەکانی ناو ڕووسیا) لە ڕووی سەرمایەدارییەوە پێشکەوتووترن لە کۆڵۆنییەکان ، بەڵام هەر ئەم

هۆکارەیە کە گەورەترین بەرەنگاری دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی لکاندن بەرهەم دەهێنێت! بەم هۆیەوە پەرەسەندنی سەرمایەداری لەژێر هەر بارێکی سیاسیدا بێت لەوانەش جیابوونەوە، لە ئەورووپادا سەلامەت و مسۆگەرترە تاوەکو کۆلۆنییەکان.

هاوڕێ پۆڵەندییەکان لەبارەی کۆلۆنییەکانەوە لە (بەشی یەکەم ــ بەشی چوارەم) دا دەڵێن "سەرمایەداری لەوێ هەتا ئێستاش ڕووبەڕووی ئەرکی گەشەپێدانی سەربەخۆی هێزەکانی بەرهەمهێنان بووەتەوە...". ئەمە لە ئەورووپادا ڕوونتر هەستی پێدەکرێت: بە دڵنیاییەوە سەرمایەداری لە هەریەکە لە پۆڵەندا و فینلەندا و ئۆکرانیا و ئەلزاس، کاردەکات بۆ گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەهێزتر و خێراتر و سەربەخۆتر تاوەکو لە کۆلۆنییەکانی وەکو هیند و تورکستان و میسر و ئەوانی تر. لە کۆمەڵگا بەرهەمێنەرەکانی کاڵادا گەشەسەندنی سەربەخۆ یان هەر جۆرێکی تری گەشەسەندن ئەستەمە بوونی هەبێت بەبێ بوونی سەرمایە. بەڵام لە ئەورووپادا وڵاتە پاشکۆکان سەرمایەی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەروەها دەستکەوتنی سەرمایە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسانە، بە پێچەوانەی کۆلۆنییەکان. کۆلۆنییەکان خاوەنی سەرمایەی خۆیان نین ، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کۆلۆنییەك لە سایەی تەمویلی سەرمایەداریدا ناتوانێت سەرمایەی تایبەت بەخۆی بەدەست بهێنێت تەنها لەژێر مەرجگەلێکی سیاسیدا نەبێت کە ژێردەست بوونی دەچەسپێنن. کەوابێت، دوای هەموو ئەمانە، داواکاری ئازادبوونی بێ مەرج و ڕاستەوخۆی کۆلۆنییەکان مانای چییە؟ ئایا ئەم داواکارییە "خەیاڵپڵاوانە" تر نییە، بەو مانایەی شوێنکەوتووانی سترۆڤـ و لینچ و کاناو بەکاری دەهێنن و هاوڕێ پۆڵەندییەکان بەداخەوە شوێن پێیان هەڵدەگرن، بەمەش مارکسیزم دەشێوێنن؟ هەر لادانێك لە مانایەکی ئاسایی و باو و هەروەها هەر شتێکی شۆڕشگێڕانە بەلای ئەوانەوە بە ئاراستەیەکی خەیاڵپڵاوانە ناو دەبرێت، بەڵام جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە ــ لەوانەش جوڵانەوە نەتەوەییەکان ــ لە ئەورووپادا بەهێزتر و مومکینتر و گونجاوترن و ئەگەری شکستیان کەمترە تاوەکو لە کۆلۆنییەکاندا.

هاوڕێ پۆڵەندییەکان لە (بەشی یەکەم ــ پەرەگرافی سێیەم) دا دەڵێن "سۆشیاڵیزم دەتوانێت هاوکارییەکی فەرهەنگی خۆنەویستانەی میللەتە کۆلۆنییە دواکەوتووەکان بکات بەبێ فەرمانڕەوایی کردنیان" ئەمە تەواو ڕاستە. بەڵام لەسەر چی بناغەیەك گریمانەی ئەوە دەکرێت نەتەوەیەکی گەورەو دەوڵەتێکی زلهێز کاتێك دەگۆڕێت بۆ سۆشیاڵیزم ناتوانێت نەتەوەیەکی بچوك و ژێردەستەی ئەورووپا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لە ڕێگەی "هاوکارییەکی فەرهەنگی خۆنەویستانەوە". ئەوە مافی جیابوونەوەی "بەخشراوە" لەلایەن سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکانەوە بە کۆلۆنییەکان کە نەتەوە ئەورووپییە بچوك و پێشکەوتووە ژێردەستەکان ڕادەکێشێت بۆ یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتە سۆشیاڵیستە بەهێزەکان، چونکە لە سایەی سۆشیاڵیزمدا دەوڵەتی گەورە واتە کاتژمێری کاری کەمتر و کرێی کاری زیاتری ڕۆژانە. جەماوەری کرێکاران کاتێك خۆیان لە ژێردەستی بۆرژوازییەت ڕزگار دەکەن ڕاستەوخۆ و بەبێ بەرهەڵستی هەوڵی تێکەڵبوون و یەکگرتن دەدەن لەگەڵ وڵاتە سۆشیاڵیستییە گەورە و پێشکەوتووکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو "هاوکارییە فەرهەنگییە" بە مەرجێ نەتەوە

باڵادەستەکانی پێشوو هەستی ڕێزی خۆگرتنی نەتەوە ژێردەستەکانی پێشوو پێشێل نەکەن کە هەستێکی دیموکراتی و پێشکەوتووە، و بە مەرجێ ئەم نەتەوانە مافی یەکسانی خۆیان پێ ببەخشرێت لە هەموو شتێکدا، لەوانەش مافی بونیادنانی دەوڵەت یان ئەزموونی ڕێکخستنی "دەوڵەتی خۆیان". لەسایەی سەرمایەداریدا ئەم "ئەزموونە" واتا جەنگ و گۆشەگیری و تەریکی و خۆپەسەندی تەسکی چەند نەتەوەیەکی بچوکی تایبەت (بۆنموونە: هۆڵەندا و سویسرا).

بەڵام لە سایەی سۆشیالیزمدا جەماوەری کرێکاران خۆیان هەرگیز بە تەریکی و گۆشەگیری ڕازی نابن بە هۆکاری ئەو پاڵنەرە ئابووریانەی پێشتر باسکران، بەڵام فۆرمە سیاسییە جیاوازەکان و ئازادی جیابوونەوە و ئەزموونی ڕێکخستنی دەوڵەت ـ ئەمانە هەمووی دەمێننەوە تا ئەوکاتەی هەموو فۆرمەکانی دەوڵەت دەپوکێنەوە ـ هەموو دەبنە بناغەی ژیانێکی فەرهەنگی و سەرکەوتوو بەشێوەیەك نەتەوەکان هەنگاوی خێراتر دەنێن بەرەو نزیکبوونەوە لە یەك و تەبایی نێوانیان.

کاتێك هاوڕێ پۆڵەندییەکان کۆڵۆنییەکان جیادەکەنەوە و بەراوردیان دەکەن بە ئەوروپا دەکەونە دژیەکییەکی گەورە و بە خێرایی ساختەیی و نادروستی ئەرگۆمێنتەکانیان بەدەردەکەوێت.

### 7 ـ مارکسیزم یان پرۆدۆنیزم ؟

لەکاتی ئاماژەکردنمان بە هەڵوێستی مارکس بەرامبەر جیابوونەوەی ئیرلەندا هاوڕێ پۆڵەندییەکان بۆ یەکەمین جار وەڵامی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایان داینەوە. کەوایە ڕەخنەکەیان چییە؟ دەڵێن ئاماژەکردن بۆ هەڵوێستی مارکس لەنێوان ساڵانی 1848 بۆ 1871 "هیچ بەهایەکی نییە".

ئەوان ئەم پێداگرییە ڕقاوی و سەپێنراوەی خۆیان بەو ئەرگۆمێنتە پشت ڕاست دەکەنەوە کە مارکس لە "هەمان کاتدا" دژی هەوڵی چیکەکان و سلاڤییە باشورییەکان بووە بۆ سەربەخۆیی[5] .ئەم ئەرگۆمێنتە تا دوا ڕادە ڕقاویە، چونکە زۆر نادروستە.

مارکسییە پۆڵەندییەکان مارکس وەکو بیرمەندێکی سەرلێشواو دەبینن، چونکە "لە هەمان کاتدا" ڕای دژیەکی هەبووە، ئەوە ناڕاستە و بە دڵنیاییەوە مارکسیزم نییە. ئەوە خواستی شیکارییەکی "کۆنکرێتی" یە کە هاوڕێ پۆڵەندییەکان پێداگری لەسەر دەکەن و خۆشیان جێبەجێی ناکەن، ئەم جۆرە شیکارییەمان پێویستە بۆ گەڕان بەدوای ئەوەی تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە هەڵوێستە جیاوازەکانی مارکس لە بارەی بزوتنەوە "نەتەوەیی" یە جیاوازەکانەوە لەهەمان دیدگای سۆشیالیستییەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت.

ئاشکرایە مارکس ئارەزووی سەربەخۆیی پۆڵەندای دەکرد بە ئامانجی بەرەو پێشچوونی دیموکراسی ئەوروپی لە خەباتیدا دژی هێز و دەسەڵاتی قەیسەری. دەکرێ بگوترێت: دژی دەسەڵات و باڵادەستی قەیسەرییەتی کۆنەپەرست. دروستی و بەهای ئەم هەڵوێستە سەلما کاتێك لەساڵی 1849 دا سوپای کۆیلەکانی ڕوسیا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە هەنگاریادا تێکشکاند کە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی

دیموکراسی خوازبوون. لەو کاتەوە تاکو مردنی مارکس، بەڵکو دوای ئەوەش تا ساڵی 1890 ئەنگڵس پشتگیری هەر خەباتێکی دەکرد دژ بە قەیسەرییەت، هەر کاتێك مەترسی ئەوە هەبوایە کە قەیسەرییەت ــ بە هاوپەیمانی لەگەڵ فەرەنسا ــ جەنگێکی کۆنەپەرستانە دژ بە ئەڵمانیای نائیمپریالیست و خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی ڕابگەیەنێت. تەنها لەبەر ئەم هۆکارەش مارکس و ئەنگڵس دژی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی چیك و سلاڤییە باشورییەکان وەستانەوە. ئاماژەیەکی خێراش بۆ نووسینەکانی مارکس و ئەنگڵس لەنێوان ساڵەکانی 1848 و 1849 باشترین گەواهیدەرن بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی مارکسیزمیان بەلاوە گرنگە نەوەك بە ئامانجی خستنە لاوەی مارکسیزم. نووسینەکانی ئەو کاتەیان دەیسەلمێنن کە مارکس و ئەنگڵس بە ڕوونی و دیاریکراوی جیاوازییان کردبوو لەنێوان " تەواوی وڵاتە کۆنەپەرستەکان" کە وەکو "سنورە دەرەکییەکانی ڕوسیا" لە ئەوروپادا خۆیان دەنواند و هەروەها "وڵاتە شۆڕشگێرەکان" کە ئەڵمانیا و پۆڵەندا و مەجەر دەگرێتەوە. ئەمە ڕاستییەکی جێگیرە. هەروەها لەو کاتەدا وەکو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر دەرکەوت: کاتێك لەساڵی 1848 دا نەتەوە شۆڕشگێڕەکان خەباتیان بۆ سەربەخۆیی دەکرد قەیسەرییەت دوژمنی سەرەکی ئەوان بوو، لە هەمان کاتدا چیك و ئەوانی تر وەکو وڵاتێکی کۆنەپەرست خۆیان دەنواند و وەکو هێڵی پێشەوەی قەیسەرییەت دەردەکەوتن.

ئەو وانەیە چییە کە دەکرێت لەم نموونە کۆنکرێتییەوە بەدەستی بهێنین کە پێویستی بە شیکارێکی کۆنکرێتی هەیە ئەگەربمانەوێت ڕاستگۆ بین بەرامبەر بە مارکسیزم؟:

1 / سودی ڕزگاربوونی ژمارەیەك وڵاتی گەورە و زلهێزی ئەوروپی زۆر زیاترە لە سودی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتە بچوکەکان.

2 / خواستی دیموکراسی پێویستە بە تەنهایی و دابڕاوی لێی نەڕوانین بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی ئەوروپا ــ لە ئەمڕۆدا دەکرێ بڵێین لەسەر ئاستی جیهاندا ــ لێی بڕوانین.

ئەمە جەوهەری باسەکەیە، هیچ ئاماژەیەکی دوور و نزیك بوونی نییە بۆ دەست بەردار بوون لەو پرەنسیپە بنچینەییەی سۆشیاڵیزم کە پۆڵەندییەکان لە بیریان کردووە و مارکس هەمیشە باوەڕی پێی هەبووە. ئەویش ئەوەیە کە ــ ئەو نەتەوەیە ئازاد نابێت کە نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە. ئەگەر هەمان ئەو حاڵەتەی ڕووبەڕووی مارکس بووەوە کاتێك قەیسەرییەت باڵادەست بوو بەسەر سیاسەتی جیهانیدا دووبارە ببێتەوە، بۆنموونە ژمارەیەك وڵات کە شۆڕشێکی سۆشیاڵیستی هەڵبگیرسێنن (وەکو شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوازی کە لەساڵی 1848 دا لە ئەوروپا هەڵگیرسا) و چەند وڵاتێکی تر ڕۆڵی بەرگریکەری سەرەکی لە بۆرژوازی کۆنەپارێز ببینن ــ ئەرکە لەسەرمان لێرەدا ئێمەش پشتگیری جەنگە شۆڕشگێڕییەکە بکەین دژ بە وڵاتە بەرگریکارەکان و لایەنگری "تێکشکاندنیان" بین و لایەنگری ڕووخاندنی سنورەکانیان بین، گرنگ نییە چەندێك بزوتنەوەی نەتەوە بچوکەکان لەناو سنورەکاندا بوونیان هەبێت. دواتریش لەبری ڕەتکردنەوەی هەریەکێك لە نموونەی تەکتیکە مارکسییەکان، پێویستە شیکارێکی کۆنکریتییانەی ئەم نموونانە بکەین و وانەی گرنگی تێدا بەدەست بهێنین بۆ داهاتوو. ئەگەرنا هەڵوێستمان بە ڕواڵەت مارکسییانەیە کاتێك لە پراکتیکدا دەست بەرداری دەبین.

داخوازییەکانی دیموکراسی لە نێویاندا مافی چارەی خۆنووسین داواکاری ڕەها نین بەڵکو بەشێکی بچوکن لە بزوتنەوەی دیموکراسی گشتی ( لە ئێستادا: بزوتنەوەی سۆشیاڵیزمی گشتی) جیهان. لە حاڵەتی تاك و تایبەتدا ڕەنگە بەش دژ بێت بە گشت، لەم حاڵەتەدا دەبێت بەش ڕەت بکرێتەوە. ڕەنگە بزوتنەوەیەکی کۆماری لە وڵاتێکدا تەنها ئامرازێك بێت بۆ پیلانی کڵێسایی یان ئابووری پاشایەتی وڵاتانی تر. لەم حاڵەتەدا پێویستە هاوکاری ئەم بزوتنەوە دیاریکراوە نەکەین، بەڵام گەمژانەیە لەسەر ئەم بناغەیە خواستی کۆماری لە پرۆگرامی سۆسیال دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنالدا بسڕینەوە.

ئەم دۆخە بە چی شێوەیەك گۆڕا لە ماوەی نێوان ساڵانی 1848 ــ 1871 و 1898 ــ 1916، (لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین قۆناغەکانی ئیمپریالیزم دەکەم: لە جەنگی ئیمپریالیستی ئیسپانی ــ ئەمریکییەوە تاوەکو جەنگی ئیمپریالیستی ئەوروپی)؟ قەیسەرییەت چیتر وەکو پایەیەکی کۆنەپەرستی نەمایەوە ئەوەش بە ڕوونی و ئاشکرایی بەدەردەکەوت لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: چونکە سەرمایەداری جیهانی پشتگیری دەکرد، بەتایبەت فەرەنسا.

دووەم: بەهۆی شۆڕشی ساڵی 1915. لەوکاتەدا سیستەمی دەوڵەتە نەتەوەییە گەورەکان ــ دیموکراتە ئەوروپییەکان ــ سەرەڕای قەیسەرییەت دیموکراسی و سۆشیاڵیزمیشیان پێشکەشی جیهان دەکرد، ژیانی مارکس و ئەنگڵز درێژەی نەکێشا تاوەکو قۆناغی ئیمپریالیزم ببینن. لە ئێستەدا سیستەم بریتییە لە کۆمەڵێك هێزی ئیمپریالیستی "زلهێز" (ژمارەیان پێنج یان شەش دەبێت) کە هەر یەکەیان نەتەوەی دی دەچەوسێننەوە: ئەم چەوساندنەوەیەش هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووخانی سەرمایەداری و هاوکاری هەلپەرست و سۆسیال شۆڤێنیزمەکانی ناو وڵاتە ئیمپریالیستە باڵادەستەکانی جیهان دەکات. لەو کاتەدا، کاتێك دیموکراسی ئەوروپای ڕۆئاوایی نەتەوە گەورەکانی ڕزگار دەکرد، لە بەرامبەردا قەیسەرییەت چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بچوکی بەکاردەهێنا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە کۆنەپەرستەکانی. لە ئێستادا هاوپەیمانییەتی ئیمپریالیزمی قەیسەری و ئیمپریالیزمی سەرمایەداری ئەوروپی پێشکەوتوو کە هاوپەیمانییەتیەکەیان لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی هاوبەشی چەندین نەتەوە بەندە، ڕووبەڕووی پرۆلیتارە سۆشیاڵیستەکان دەبێتەوە کە دابەش بوون بەسەر پرۆلیتارە شۆڤێنیستەکان "سۆسیال ئیمپریالیستەکان" و پرۆلیتارە شۆڕشگێڕەکان.

ئەمە ئەو گۆڕانکارییە کۆنکریتییانەن کە بەسەر دۆخەکەدا هاتوون کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان پشت گوێیان خست، هەرچەند پەیمانیاندا کە بابەتی و کۆنکرێتی بن! لێرەشەوە گۆڕانکارییەکان پراکتیزەکردنی هەمان پرەنسیپە سۆشیاڵیستەکانیشی گرتەوە: لە پێشتردا بابەتی سەرەکی خەبات لە دژی قەیسەرییەت (هەروەها دژی ژمارەیەکی دیاریکراو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی بچوك کە قەیسەرییەت وەك ئامراز بەکاری دەهێنان بۆ ئامانجی نادیموکراسی) و لایەنگری میللەتە شۆڕشگێڕە گەورەکانی ڕۆژئاوا بوو. بەڵام لە ئێستادا سەرەکیترین شت وەستانەوەیە دژ بە بەرەی یەکگرتوو و یەکڕیزی هێزە ئیمپریالیستەکان و بۆرژوازە

ئیمپریالیستەکان و سۆسیال ئیمپریالیستەکان، لەپێناو بەکارهێنانی هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکان دژی ئیمپریالیزم، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی. تاوەکو سروشتی خەبات دژی بەرەی ئیمپریالیزمی گشتی زیاتر پرۆلیتارییانە بێت. ئەوا ئەو پرەنسیپە ئەنتەرناسیۆنالییە ڕوونتر و گرنگتر بەدەردەکەوێت کە دەڵێت: " ئەو نەتەوەیە ئازاد نابێت کە نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە".

بەڵام شوێنکەوتووانی پرۆدۆن لەژێر ناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا کە بەشێوەیەکی دۆکترینی (عقائدي) وشك لێی تێگەشتوون، ڕۆڵی ئەنتەرناسیۆنالی پۆڵەندایان فەرامۆشکرد و هەروەها بزووتنەوە نەتەوەییەکانیشیان وەلا خست. بەهەمان شێوە ئاراستەی سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان ئاراستەیەکی دۆکترینییە، چونکە بەرەی ئەنتەرناسیۆنالی خەبات دژ بە سۆسیال ئیمپریالیستەکان هەڵدەوەشێننەوە و هەروەها "لە ڕووی بابەتییەوە" هاوکاری سۆسیال ئیمپریالیستەکان دەکەن بەهۆی ڕاڕاییان لەسەر پرسی سیاسەتی لکاندن. ئەمەش چونکە خەباتی بەرەی ئەنتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریا بووە هۆی گۆڕانکاری لە دۆخی کۆنکرێتی نەتەوە بچوکەکاندا: لەو کاتەدا (1848 ـ 1871) نەتەوە بچوکەکان گرنگی خۆیان هەبوو وەکو هاوپەیمانێك بۆ "دیموکراسی ڕۆژئاوایی" و نەتەوە شۆڕشگێڕەکان یان بۆ قەیسەرییەت ـ لە ئێستادا (1898 ـ 1914) وەکو پێشووتر نەماوە، لە ئێستادا گرنگییەکەی ئەوەیە کە وەکو ناوەندێکە بۆ خۆراك پێدان بە ئاراستەی مشەخۆری و خۆراك پێدان بە سۆسیال ئیمپریالیزمی نەتەوە بەهێز و باڵادەستەکان، گرنگ ئەوە نییە ئایا یەك لە پەنجا یان یەك لە سەدی نەتەوە بچوکەکان پێش شۆڕشی سۆشیالیستی ڕزگاریان بووە، ئەوەی گرنگە ئەو ڕاستییەیە کە لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا و بەهۆی چەند هۆکارێکی بابەتییەوە پرۆلیتاریا دابەش بووە بەسەر دوو بەرەی جیهانیدا، یەکێکیان کە ووردەپارووی بەربووەوەی سەر مێزی بۆرژوازییەتی نەتەوە باڵادەستەکان ـ کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە بەدەست دێن، لەوانە لە ڕێگەی ڕووتاندنەوەی دوو یان سێ هێندەی نەتەوە بچوکەکان ـ گەندەڵی کردووە لە کاتێکدا بەرەی دووەم ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات بەبێ ڕزگارکردنی  نەتەوە بچوکەکان، هەروەها بەبێ پەروەردەکردنی  جەماوەر بە گیانێکی دژ بە شۆڤێنیزم واتا دژ بە سیاسەتی لکاندن، ئەمەش بە مانای ڕاهێنانی جەماوەرە بۆ پشتگیری کردنیان لە"مافی چارەی خۆنووسین".

ئەمە مەترسیدارترین لایەنی ئەم پرسەیە کە هاوڕێ پۆڵەندییەکان فەرامۆشی دەکەن و لە گۆشە سەرەکی و گرنگەکەوە لە شتەکان ناڕوانن، کە ئەویش حاڵەتی دابەش بوونی پرۆلیتاریایە بۆ دوو بەرەی جیهانی لەقۆناغی ئیمپریالیزمدا.

ئەمانەش چەند نموونەیەکی دیکەن بۆ سەلماندنی ئاراستە پرۆدۆنییەکەیان: 1- هەڵوێستیان لەبارەی شۆڕشی ئیرلەندا لە ساڵی 1916، 2- ڕاگەیاندنەکەیان کە لە تێزەکانیاندا هاتووە (بەشی 2 باسی 3 و کۆتایی پەرەگرافی 3) و دەڵێت کە دروشمی شۆڕشی سۆشیالیستی " نابێت بە هیچ شتێك دابپۆشرێت". ئەم ئایدیایە پێی وایە دروشمی شۆڕشی سۆشیالیستی دەکرێت " دابپۆشرێت" کاتێك پەیوەست دەکرێت لەگەڵ بارێکی شۆڕشگێڕی لەهەر پرسێکدا لەوانە پرسی نەتەوەیی، ئەمە بە تەواوی ئایدیایەکی دژە مارکسیزمە.

سۆسیال دیموکراتەکان پرۆگرامەکەمان وەکو پرۆگرامێکی "ڕیفۆرمی نەتەوەیی" دەبینن، بەراوردی ئەم دوو پێشنیارە کردارییە بکەن : 1- داخوازی ئۆتۆنۆمی " تێزەکانی پۆڵەندییەکان (بەشی 3 پەرەگرافی 4)" و

2- داخوازی ئازادی جیابوونەوە.پرۆگرامەکانمان لێرەدا لێك جیاوازن! ئایا ئەوە ئاشکرا نییە کە پرۆگرامی یەکەم بە ڕوونی و دیاریکراوی پرۆگرامێکی ریفۆرمیستییە نەوەك دووەم؟ گۆڕانکاری ڕیفۆرمیستی بناغەکانی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار لاواز ناکات و بێ گۆڕانکاری ڕیشەیی دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی دەبێت. بەڵام گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی بناغەکانی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕیشەیی لاواز دەکات. پرۆگرامی ڕیفۆرمیستی نەتەوەیی تەواوی مافە تایبەتییەکانی نەتەوە باڵادەستەکان لەناو نابات و، یەکسانی تەواو ناچەسپێنێت، هەروەها هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەناو نابات. نەتەوە "ئۆتۆنۆمییەکان" هەمان مافی یەکسانیان نییە وەکو نەتەوە باڵادەستەکان. هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان ئەوەیان بەسەردا تێنەدەپەڕی ئەگەر (وەکو ئیکۆنۆمیستە کۆنەکان) بە مەبەست خۆیان دوور نەگرتایە لە شیکارکردنی زاراوە و بۆچوونە سیاسییەکان. تا ساڵی 1905 نەرویج خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوو لە چوارچێوەی سویددا. فراوانترین مافی ئۆتۆنۆمی بەدەست هێنابوو بەڵام یەکسان نەبوو بە سوید، بەڵام کاتێك گەیشت بە سەربەخۆیی بە شێوەیەکی کرداری یەکسانی تەواوی بەدەست هێنا. (لێرەدا با لەناو کەوانەیەکدا ئەوەش زیادبکەین: ئەم جیابوونەوەیە بووە هۆی دروستکردنی بناغەیەك بۆ پەیوەندییەکی پتەوتر و دیموکراسیتر لە پێشوو لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا، لەسەر بنەمای مافی یەکسان). بە درێژایی ماوەی ئۆتۆنۆمی نەرویج ئەریستۆکراتی سویدی خاوەنی مافێکی تایبەتی تر بوون، ئەم مافە تایبەتییەش "کەم نەکرایەوە" (جەوهەری ئاراستەی ڕیفۆرمیستی لە کەمکردنەوەی خراپەیەکدا خۆی دەبینێتەوە نەوەك لەناوبردنی خراپەکە) بەڵکو بەتەواوی لەناوبرا (پێوەری سەرەکی هەموو پرۆگرامێکە کە سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە) بەهۆی جیابوونەوەکەوە.

ئۆتۆنۆمی وەکو ئامرازێکی ڕیفۆرمیستییانە، لە ڕووی پرەنسیپەوە جیاوازە لە ئازادی جیابوونەوە کە ڕێ و شوێنێکی شۆڕشگێڕانەیە. ئەوە جێی گومان نییە، بەڵام ڕیفۆرم، وەك لای هەمووان ئاشکرایە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هیچ نییە جگە لە هەنگاوێك بەرەو شۆڕش. ئەوە ئۆتۆنۆمییە ڕێگە بۆ ئەو نەتەوەیە خۆش دەکات کە بەزۆرەملێ لەناو سنوری دەوڵەتێکدا قەتیس کراوە تاوەکو بە تەواوی وەکو نەتەوەیەك شێوە بگرێت و هێزی خۆی کۆبکاتەوە و ئاگاداری تەواوی هێزی خۆی بێت و ڕێکی بخات، هەروەها تاوەکو باشترین کات هەڵبژێرێت بۆ ڕاگەیاندنەکەی هاوشێوەی ڕاگەیاندنەکەی "نەرویج": "ئێمە ئەنجومەنی سەربەخۆی فلان نەتەوە یان فلان هەرێم ڕای دەگەیەنین کە ئیمپراتۆری هەموو ڕوسیا چیتر پاشای پۆڵەندا... و هتد نییە". ڕەخنەکان لەسەر ئەمە بەزۆری ئەوەیە کە ئەم پرسانە بە جەنگ چارە دەکرێن نەوەکو ڕاگەیاندن، ڕاستە زۆربەی ئەم پرسانە لە ڕێگەی جەنگەوە یەکلا دەکرێنەوە (هاوشێوەی پرسی فۆرمەکانی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتە گەورەکاندا کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، تەنها لە ڕێگەی جەنگ و شۆڕشەوە یەکلا دەکرێنەوە). باشتر وایە بپرسین ئایا ئەم "ڕەخنە"یە بەرامبەر پرۆگرامی سیاسی پارتێکی شۆڕشگێر ناڕەزایەتییەکی لۆژیکییە یان نا،

ئایا ئێمە دژی جەنگ و شۆڕشین لە پێناو ئەوەی کە دادپەروەرانەترین و بەسودترینە بۆ پرۆلیتاریا و لە پێناو دیموکراسی و سۆشیاڵیزمدایە؟

"بەڵام ئارەزووی جەنگێك ناکەین لە نێوان نەتەوە گەورەکاندا و پشتگیری قەلاچۆکردنی بیست ملیۆن مرۆڤ ناکەین لە پێناوی ڕزگارکردنی نەتەوەیەکی بچوکدا، کە ژمارەی نەوەکانی لە نێوان دە یان بیست ملیۆندا بێت!" بەدڵنیاییەوە نەخێر. ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە یەکسانی تەواوەتی نێوان نەتەوەکان لە پرۆگرامەکاندا دەسڕینەوە، ئەمە مانای ئەوەیە مافە دیموکراتییەکانی وڵاتێك لەپاش مافە دیموکراتییەکانی کۆمەڵە وڵاتێك یان تەواوی وڵاتەکانەوە دەبێت. با وا دابنێین لە نێوان دوو شانشینی گەورەدا شانشینێکی بچوك بوونی هەیە و پاشای ئەم شانشینە بچوکە پەیوەندی خزمایەتی یان هەر جۆرێکی تری پەیوەندی هەیە لەگەڵ پاشای هەردوو وڵاتی دراوسێ. با گریمانەی ئەوە بکەین ڕاگەیاندنی کۆماری لەو وڵاتە بچوکەدا و وەدەرنانی پاشاکەی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان دوو وڵاتە گەورەکەی دراوسێ لەسەر دانانەوەی ئەم پاشایە یان پاشایەکی تر بۆ وڵاتە بچوکەکە. بێ گومان هەموو سۆسیال دیموکراتە ئەنتەرناسیۆنالەکان و لقی ئەنتەرناسیۆنالی ڕاستەقینەی سۆسیال دیموکراتی لە وڵاتە بچوکەکەدا لەم حاڵەتەدا دژی گۆڕینی پاشاییەتین بۆ کۆماری، گۆڕینی پاشاییەتی بۆ کۆماری شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو خواستێکە لە خواستە دیموکراتییەکان و لە خزمەتی دیموکراسیدایە بەگشتی ( بەدڵنیاییەوە بۆ خزمەتی پرۆلیتارە سۆشیاڵیستەکانە). بەدڵنیاییەوە ئەم حاڵەتە هیچ ناکۆکییەك لە نێوان سۆسیال دیموکراتەکانی هیچ وڵاتێکدا دروست ناکات. بەڵام ئەگەر سۆسیال دیموکراتێك بە پشت بەستن بەم نموونەیە پێشنیاری سڕینەوەی تەواوەتی دروشمی کۆماری بکات لە پرۆگرامی سۆسیال دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنالدا، ئەوا وەکو شێتێك سەیر دەکرێت و ئاگادار دەکرێتەوە کە جیاوازییە لۆژیکییە بنەڕەتییەکەی نێوان تایبەت و گشتی لەبیر نەکات.

ئەم نموونەیە لە گۆشەیەکی کەمێك جیاوازەوە دەمانباتەوە سەر پرسی پەروەردەکردنی کرێکاران بە گیانێکی ئەنتەرناسیۆنال. ئایا دەکرێت ئەم پەروەردەیە ــ کە پێویستی و گرنگییە زۆرەکەی ناکرێت هیچ ناکۆکییەك لە ناو باڵی چەپی زیمەرڤاڵدا دروست بکات ــ یەکسان و هاوشێوە بێت لە نەتەوە گەورە و چەوسێنەرەکان و نەتەوە بچوك و چەوساوەکاندا؟ هەروەها لەناو نەتەوە باڵادەستەکان و نەتەوە ژێردەستەکاندا؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. هەنگاونان بەرەو هەمان ئامانج ــ کە ئەویش یەکسانی تەواوی نێوان هەموو نەتەوەکانە و بەدیهێنانی پتەوترین تەباییە لە نێوانیاندا ودواتریش یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان ــ لەهەر حاڵەتێکدا بە ڕێگەیەکی جیاواز و تایبەت بەدەست دێت، بە هەمان شێوەی ئەوەیە کە لەلای ڕاست یان لای چەپی ئەم پەڕەیەوە دەست پێ بکەیت بۆ ئەوەی بگەیتە خاڵی ناوەڕاستی پەڕەکە. ئەگەر سۆسیال دیموکراتێك کە سەر بە نەتەوەیەکی باڵادەست و چەوسێنەرە لە کاتی بانگەشەکردنی بۆ یەکگرتنی نەتەوەکان بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ساتێك لە بیری کرد کە پاشاکەی نیکۆلای دووەم یان ویلهێلم یان جۆرج یان بوانکارێ... و پاشاکانی تریش وەکو ئەو پشتگیری یەکگرتن لەگەڵ نەتەوە بچوکەکاندا دەکەن (لە ڕێگەی بەخۆوە لکاندنیان) ــ نیکۆلای دووەم

پشتگیری یەکگرتن دەکات لەگەڵ گالیسیا، و ویلهێڵمی دووەم پشتگیری یەکگرتن دەکات لەگەڵ بەلجیکا و هتد ــ سۆسیال دیموکراتێکی هاوشێوەی ئەمە، هیچ نییە جگە لە دۆکترینییەکی ناپەسەند لە ڕووی تیۆرییەوە و هاوکارێکی ئیمپریالیزمە لە ڕووی کردارییەوە. پەروەردەی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکارانی ناو وڵاتە چەوسێنەرەکان پێویستە چڕ بکرێتەوە لە بانگەشەی ئازادی جیابوونەوەی نەتەوە چەوساوەکاندا و هەروەها لە بەرگریکردندا لەم ئازادییە. بەبێ ئەوە ئەنتەرناسیۆنال بوونی نییە. هەر سۆسیال دیموکراتێکی ناو نەتەوە چەوسێنەرەکان ئەگەر ڕۆڵی خۆی نەبینێت لە بڵاوکردنەوەی ئەم پروپاگەندەیە مافی خۆمانە و پێویستە لەسەرمان بە ئیمپریالیست و چەپەڵ ناوزەندی بکەین. تەنانەت ئەگەر چانسی جێبەجێ بوونی جیابوونەوە پێش چەسپاندنی سۆشیاڵیزم یەك بۆ هەزاریش بێت.

ئەرکە لەسەر شانمان کرێکاران فێری "بێ لایەنی" بکەین لە تێڕوانیان بۆ جیاوازییە نەتەوەییەکان. ئەوە هیچ گومانی لەسەر نییە. بەڵام نەوەك بێ لایەنییەك بێت لەسەر شێوازی بێ لایەنی لایەنگرانی سیاسەتی لـکاندن. تاکی ناو نەتەوە چەوسێنەرەکان پێویستە "بێ لایەن" بێت بۆ زانینی ئەوەی ئایا وڵاتە بچوکەکان بەشێك دەبن لە وڵاتەکەی خۆی یان وڵاتی دراوسێ، یان سەربەخۆ دەبن، بە گوێرەی هەست و سۆزی خۆیان. بەبێ ئەم "بێ لایەنی" یە نابێت بە سۆسیال دیموکرات. کەسێك بۆ ئەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەنتەرناسیۆنال بێت پێویستە تەنها بیر لە نەتەوەکەی خۆی نەکاتەوە مافی ئازادی گشتی و یەکسانی بۆ هەموو نەتەوەکان بخاتە سەرووی ئەوەوە. هەمووان لەڕووی "تیۆرییەوە" کۆکن لەسەر ئەمە بەڵام لە پراکتیکدا ڕۆڵی بێ لایەنێکی پشتگیری سیاسەتی لـکاندن دەنوێنن. ئەمەش ڕیشەی کێشەکەیە.

لەلایەکەی ترەوە، سۆسیال دیموکراتەکانی ناو نەتەوە بچوکەکان ئەرکە لەسەریان لە پروپاگەندەکانیاندا جەخت لەسەر وشەی دووەمی فۆرمولە گشتییەکەمان بکەنەوە کە ئەویش "یەکگرتنی ئازاد و خۆویستانە"یە لە نێوان نەتەوەکاندا. بەمە دەتوانێت بەبێ دەست بەرداربوون لە ئەرکەکانی وەك ئەنتەرناسیۆنالێك، هەم لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نەتەوەکەی و هەم لایەنگری یەکگرتنی نەتەوەکەی بێت لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێدا. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت بەرەنگاری بیری تەسکی نەتەوەیی ببێتەوە و دژی گۆشەگیری و پەرگیری بوەستێتەوە و پێویستە هەمیشە لە گشت و هەمووان بڕوانێت و ئامانجی بەش بخاتە خزمەتی ئامانجی گشتییەوە.

ئەوانەی لەم پرسەدا قوڵ نەبوونەتەوە ڕەنگە پێیان وابێت "دژیەکییە" ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکان پێداگری لەسەر "ئازادی جیابوونەوە" بکەن و سۆسیال دیموکراتەکانی نەتەوە چەوساوەکان پێداگری لەسەر "ئازادی یەکگرتن" بکەن. بەڵام تۆزێك بیرکردنەوە بەسە بۆ ئەوەی ببینین کە بە ڕەچاوکردنی دۆخەکە، هیچ ڕێگەیەکی ترمان نیە جگە لەمە بۆ گەیشتن بە ئەنتەرناسیۆنالیزم و یەکگرتنی نەتەوەکان.

ئێستاش دێینە سەر باسی هەڵوێستی تایبەتی سۆسیال دیموکراتەکانی هۆڵەندا و پۆڵەندا.

## 8 ـ تایبەت و گشتی لە هەڵوێستی سۆسیال دیموکراتە ئەنتەرناسیۆنالەکانی هۆڵەندا و پۆڵەندا.

گومان لەوەدا نییە مارکسییە هۆڵەندی و پۆڵەندییەکان کە دژایەتی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن لە باشترین توخمە شۆڕشگێڕی و ئەنتەرناسیۆنالیستەکانی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانن. چۆن دەکرێت ئەرگۆمێنتە تیۆرییەکانیان بەم چەشنەی بینیمان پـڕبن لە هەڵە؟ لە ڕاستیدا یەك ئەرگۆمێنتی گشتییان نییە دروست بێت! هیچ شتێك نییە جگە لە ئاراستەیەکی ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستانە. ئەمە هەرگیز بە کەموکوورتی خودیی هاوڕێ هۆڵەندی و پۆڵەندییەکان ڕاڤە ناکرێت بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی بابەتی تایبەت بە وڵاتەکانیان، چونکە هەریەکە لە هۆڵەندا و پۆڵەندا: - وڵاتی بچوك و بێ دەرەتانن لەناو "سیستەمی" دەوڵەتە زلهێزەکانی ئێستادا، 2- هەردووکیان لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتوونەتە نێوان دوو دەوڵەتی زلهێز و تاڵانکەری ئیمپریالیستی کە ململانێیەکی توند و خوێناوییان لە نێواندایە (بەریتانیا و ئەڵمانیا، ئەڵمانیا و ڕوسیا)، 3- لای هەردووکیان یادگاری و نەریتی بەهێز هەیە بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە کە ئەوانیش زلهێز بوون: هۆڵەندا ڕۆژێك لە ڕۆژان هێزێکی کۆڵۆنیاڵی گەورە بوو، گەورەتر لە ئینگلتەرا، پۆڵەنداش پێشتر دەوڵەتێکی بەهێزتر و پێشکەوتووتر بوو لە ڕوسیا و بڕوسیا،

4- تا ئێستاش مافی تایبەتی خۆیان پاراستووە کە لە چەوساندنەوەی میللەتە بێگانەکاندا خۆی دەبینێتەوە! بۆرژوازی هۆڵەندی خاوەندارێتی لە هیندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی دەکات کە ئێجگار دەوڵەمەندە، خاوەن زەوییە پۆڵەندییەکانیش جووتیارە ئۆکرانی و بیلاڕوسییەکان دەچەوسێننەوە و بۆرژوازی پۆڵەندی جوولەکەکان دەچەوسێننەوە... هتد.

ئەم تایبەتمەندییە کە لەم چوار خاڵەی سەرەوە پێکدێت، لە هیچ کام لە ئێرلەندا، پورتوگال (کە سەردەمێك ئیسپانیا لـکاندبووی بە خۆیەوە)، ئەلزاس،نەرویج، ئۆکرانیا، هەروەها لە ناوچەکانی لاتڤیا و بیلاڕوسیا و زۆری تریشدا بەدی ناکرێت. هەر ئەم تایبەتمەندییەش جەوهەری ڕاستەقینەی پرسەکەیە! کاتێك سۆسیال دیموکراتە هۆڵەندی و پۆڵەندییەکان دژ بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵوێست وەردەگرن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتی گشتییەوە، بۆ نموونە ئەو ئەرگۆمێنتانەی کە پەیوەستن بە ئیمپریالیزم بە گشتی، سۆشیالیزم بە گشتی، دیموکراسی بە گشتی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی بە گشتی، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لەناو هەڵەدا خۆیان دەگەوزێنن. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەم قاوغی ئەرگۆمێنتی گشتییە هەڵانە لابەرین تاوەکو بڕوانینە پرسەکە لە گۆشەنیگای تایبەتمەندی هەلومەرجی هۆڵەندا و پۆڵەنداوە، بۆ ئەوەی بە ڕوونی و دروستی درك بە هەڵوێستی تایبەتیان بکەین. بێ ترس لە کەوتنە پارادۆکسەوە، دەکرێت بگوترێت کاتێك مارکسییە هۆڵەندی و پۆڵەندییەکان دژایەتی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن ئەوە ناڵێن کە دەیانەوێت بیڵێن، بە مانایەکی تر، ئەوەی مەبەستیانە بیڵێن ئەوە نییە کە لە ڕاستیدا دەیڵێن.

ئێمە پێشتر لە تێزەکانماندا نموونەیەکمان باسکردووە. ئەویش گۆرتەرە Gorter کە ڕەزامەند نییە بە پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە وڵاتەکەی خۆی، بەڵام پێداگری لەسەر بەخشینی مافی چارەی خۆنووسین بە هیندی هۆڵەندی دەکات کە لەلایەن نەتەوەکەی "خۆی" ەوە دەچەوسێنرێتەوە! ئایا جێی سەرسوڕمانە ئەگەر بە ئەنتەرناسیۆنالیست و هاوڕێیازێکی بە ئەمەکتر و ڕاستگۆتر دایبنێین لەوانەی کە زارەکییانە و ڕیاکارانە دان بە ڕەوایەتی مافی چارەی خۆنووسیندا دەنێن وەکو کاوتسکی لە ئەڵمانیا و ترۆتسکی و مارتۆڤ لە ڕوسیا؟

پرەنسیپە گشتی و بنەڕەتییەکانی مارکسیزم ئەرکی ئەوەمان دەخەنە ئەستۆ کە خەبات بکەین لە پێناو ئازادی جیابوونەوەی ئەو نەتەوانەدا کە "نەتەوەکەی خۆمان" دەیانچەوسێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە داوای ئەوە ناکات ڕزگارکردنی هۆڵەندا بەتایبەت بخەینە پلەی یەکەمەوە لە ئەرکەکانمان، هۆڵەندایەك کە گیرۆدە بووە بەهۆی گۆشەگیرییە خۆپەسەند و گاڵتەئامێز و تەسکبینانەکەی خۆیەوە، گۆشەگیرییەکەیان بەم واتایە دێت: با جیهان بسوتێت، ئێمە دوورین لە گڕەکەیەوە، "ئێمە" ڕازیین بە تاڵانییە کۆنەکانمان و ئەوەی بۆمان ماوەتەوە لە هیندی دەوڵەمەندەوە، "ئێمە" هیچ شتێکی ترمان بەلاوە گرنگ نییە!

ئەمەش نموونەیەکی تر، کارڵ ڕادێك Radek arl

کە سۆسیال دیموکراتێکی پۆڵەندییە و دەستێکی باڵای هەبوو لە خەباتکردن لە پێناوی دروشمی ئەنتەرناسیۆنال لە ڕیزەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگەوە، ڕادێك لە وتارێکدا بە ناونیشانی "مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" کە لە گۆڤاری (لیخشتراڵین Lichtstrahlen (6)ـ کە گۆڤارێکی مانگانەیە و زمانحاڵی باڵی چەپی ڕادیکاڵە و، بۆرخارد سەرنووسەرییەتی، لەلایەن چاودێریی بڕوسییەوە قەدەغە کراوە، لە 5 ی دیسەمبەری 1915،ساڵی سێیەم، ژمارەی سێیەم) هێرشێکی توند دەکاتە سەر مافی چارەی خۆنووسین تەنها بە پشت بەستن بە بۆچوونی دەسەڵاتدارە هۆڵەندی و پۆڵەندییەکان، لە نێوان ئەو ئەرگۆمێنتانەی کە بۆ پاڵپشتی ئایدیاکەی بەکاری هێناون ئەو ئەرگۆمێنتە هەیە کە پێی وایە مافی چارەی خۆنووسین دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو ئایدیایەی کە "سۆسیال دیموکراتەکان پێویستە پاڵپشتی هەموو خەباتێك بکەن کە لە پێناو سەربەخۆییدا بێت".

لە گۆشەنیگای تیۆری گشتییەوە، ئەم ئەرگۆمێنتە مایەی شورەییە، چونکە بە تەواوی نالۆژیکییە: یەکەم، بە دڵنیاییەوە هەموو خواستێکی دیموکراسی ڕەنگە بە هەڵە بەکاربهێنرێت ئەگەر تایبەت نەخرێتە خزمەت گشتەوە. بۆیە ئێمە ناچارنین بە یارمەتیدانی "هەموو" خەباتێك لە پێناو سەربەخۆییدا و هەروەها ناچارنین بە پشتگیری کردن لە "هەموو" بزوتنەوە کۆمارییەکان یان دژە کەنیسەییەکان. دووەم، هیچ فۆرمولەیەك بۆ خەبات دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی نەبووە کە تووشی هەمان "کەموکورتی" نەبووبێت. خودی ڕادێك لە ڕۆژنامەی (بێرنێر تاگواخت Berner Tagwacht، ژمارە 253، ساڵی 1915)، ئەم فۆرمولەیەی بەکارهێنا: "دژی سیاسەتی لکاندنی کۆن و نوێ". هەر ناسیۆنالیستێکی پۆڵەندی لە ڕێگەی ئەم فۆرمولەیەوە "بۆی دەردەکەوێت" و دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە: "پۆڵەندا وڵاتێکی لکێنراوە، منیش دژی سیاسەتی لکاندنم،

کەواتە لایەنگری سەربەخۆیی پۆڵەندام". هەروەها ڕۆزا لۆکسمبۆرگ وەك لەیادم بێت لە وتارێکدا کە لەساڵی 1908 دا بڵاوی کردەوە[7] دەڵێت ئەم فۆرمولەیە "دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیي" تێر و تەسەلە. بەڵام هەر ناسیۆنالیستێکی پۆڵەندی دەڵێت ــ تەواو مافی خۆیەتی ــ کە لکاندن یەکێکە لە فۆرمەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و، دوای ئەوە،... هتد.

بەڵام لەبری ئەم ئەرگۆمێنتە گشتییانە هەلومەرجی تایبەتی پۆڵەندا لە بەرچاوبگرن: لە ئێستادا ڕزگارکردنی "ئەستەمە" بەبێ جەنگ و شۆڕش. ئەگەر کەسێك بیەوێت جەنگێك لەسەرتاپای ئەوروپادا هەڵبگیرسێنێت تەنها لە پێناوی سەربەخۆیی پۆڵەندا، ئەوا لە خراپترین جۆری ناسیۆنالیست دەبێت، هەڵوێستەکەی بەو مانایە دێت کە قازانجی ژمارەیەکی کەم لە پۆڵەندییەکان دەخاتە سەرووی قازانجی سەدان ملیۆنان مرۆڤ کە بەهۆی جەنگەکەوە دەناڵێنن.

"فراکییەکان -Fracy "[8] کە (باڵی ڕاستی پارتی سۆشیاڵیستی پۆڵەندان) لەم جۆرەن کە تەنها زارەکییانە سۆشیاڵیستن و بە بەراوردکردنییان بە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان ئەوا ئەوان هەزار هێندەی ئەمان لەسەر هەقن. بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا لە ئێستادا و بە ڕەچاوکردنی بوونی هێزە ئیمپریالیستەکانی دراوسێی، لە ڕاستیدا کەوتنە داوی خەیاڵپڵاوییە و گرتنەبەری ئاراستەیەکی تەسکبینی ناسیۆنالیستانەیە و لە بیرکردنی ئەو پێشمەرجە پێویستانەیە بۆ ڕوودانی شۆڕشێك لە ئەوروپادا بەگشتی یان بەلایەنی کەم لە ڕوسیا و ئەڵمانیادا. هەروەها بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی یەکگرتن لە ڕوسیادا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەنێوان ساڵانی 1908 و 1914 دا، بە هەمان شێوە خەیاڵپڵاوانە بوو، وە لە ڕووی بابەتییەوە یارمەتی پارتی کرێکارانی ستۆلیپین (کە ئەمڕۆ بە پارتی پۆتریسۆڤ ــ جفۆزدیڤ دەناسرێت) ی دا. بەڵام شێتانەیە ئەگەر بمانەوێت ئازادی یەکگرتن بە تەواوی لە پرۆگرامی سۆسیال دیموکراتیدا بسڕینەوە!

نموونەی سێیەم، کە ڕەنگە گرنگترین نموونە بێت، ئێمە دەبینین هاوڕێ پۆڵەندییەکان لە تێزەکانیاندا (بەشی سێیەم، کۆتایی پەرەگرافی دووەم) ڕەخنە لە ئایدیای دروستکردنی دەوڵەتێکی پۆڵەندی سەربەخۆ و بەربەست دەگرن و ڕەتی دەکەنەوە بە هۆکاری ئەوەی "ئایدیایەکی خەیاڵپڵاوانە و پووچی چەند گروپێکی هیچ لەبارا نەبووە. بەدیهێنانی واتا بونیادنانی بەشێکی بچوکی دەوڵەتی پۆڵەندا، کە دەبێتە کۆلۆنییەکی سەربازی ئەم یان ئەو گرووپی زلهێز، هەروەها دەبێتە بوکەڵەیەك بە دەستی زلهێزەکانەوە تاوەکو بە گوێرەی خواستی سەربازی و ئابووری خۆیان بەکاری بهێنن و دەبێتە ناوچەیەك بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەدارە بێگانەکان و لە دواییشدا دەبێتە گۆڕەپانی جەنگەکانی داهاتوو". ئەمانە هەموویان ڕاستن ئەگەر وەکو ئەرگۆمێنتێك دژی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا لە ئەمڕۆدا بەکاربهێنرێن، چونکە شۆڕشی پۆڵەندا بە تەنها هیچ شتێك ناگۆڕێت بەڵکو سەرنجی جەماوەری پۆڵەندی لەسەر بابەتە جەوهەرییەکە لادەبات کە ئەویش ــ پەیوەستکردنی خەباتەکەیانە بە خەباتی پرۆلیتاریای ڕوسی و ئەڵمانییەوە. ئەمە دژییەکی نییە بەڵکو فاکتێکە کە پرۆلیتاریای پۆڵەندا ناتوانێت هاوکار بێت لە خەباتکردن بۆ سۆشیاڵیزم و ئازادی لەوانەش خەبات بۆ ئازادی پۆڵەندا، تەنها لە

ڕێگەی خەباتێکی هاوبەش لەگەڵ پرۆلیتاریای وڵاتانی دراوسێدا نەبێت دژ بە ناسیۆنالیستە تەسکبینەکانی پۆڵەندا. هەروەك ناتوانرێت نکۆڵی لە جێ دەستی سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان بکرێت لە خەباتیاندا دژ بەم ناسیۆنالیستانە. بەڵام هەمان ئەو ئەرگۆمێنتانەی کە بۆ هەلومەرجی تایبەتی پۆڵەندا لە ئێستادا دروستن، کاتێك لە فۆرمە گشتییەکەیدا دەخرێتە ڕوو بە تەواوەتی هەڵەن، تاوەکو جەنگ بەردەوامی هەبێت، پۆڵەندا هەمیشە وەکو گۆڕەپانی جەنگی نێوان ڕوسیا و ئەڵمانیا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەرگۆمێنتێك نییە دژ بە ئازادی سیاسی زیاتر (هەروەها بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی) لە ماوەی نێوان جەنگەکاندا. ئەمە بە هەمان شێوە ڕاستە بۆ ئەرگۆمێنتەکانی لە بابەتی وەبەرهێنانی سەرمایەدارە بێگانەکان لە پۆڵەندا و ڕۆڵی پۆڵەندا وەکو بوکەڵەکەیەك بۆ خزمەتی خواستی بێگانەکان. سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان لە ئێستادا ناتوانن دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا بەرزبکەنەوە، چونکە پۆڵەندییەکان وەکو پرۆلیتاریای ئەنتەرناسیۆنال ناتوانن هیچ بکەن لەم بارەیەوە بەبێ ئەوەی هاوشێوەی "فراکییەکان" ملکەچبن بۆ کۆیلایەتییەکی سەرکزانە بۆ یەکێك لە شانشینە ئیمپریالیستەکان. بەڵام هەڵوێستی کرێکارانی ڕوسیا و ئەڵمانیا بێ لایەنانە نابێت یان بەشدار دەبن لە لکاندنی پۆڵەندا (ئەمەش واتا پەروەردەکردنی کرێکاران و جوتیارانی ڕوسیا و ئەڵمانیا بە شێوەیەکی خراپ و بەدڕەوشتانە، وە مانای ڕازی بوونیانە بە ڕۆڵی بکوژی گەلانی تر) یان پۆڵەندا سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت.

بە دڵنیاییەوە دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام دەرچەیەك هەیە بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەستن و دەیانەوێت بە ئەنتەرناسیۆنالیست بمێننەوە، ئەویش بەوەی سۆسیال دیموکراتە ڕوسی و ئەڵمانییەکان داوای "ئازادی جیابوونەوە" ی بێ مەرجی پۆڵەندا بکەن، لە بەرامبەردا سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندییەکان کار بکەن لە پێناوی ڕێکخستنی خەبات لە نێوان پرۆلیتاریای وڵاتە بچوك و پرۆلیتاریای وڵاتە گەورەکاندا، بەبێ پێشخستنی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا لەم سەردەم و قۆناغەدا.

## 9 ـ نامەکەی ئەنگڵس بۆ کاوتسکي

لە 12 سێپتەمبەری 1882 ئەنگڵس نامەیەکی ئاراستەی کاوتسکي(کە تا ئەوکاتەش مارکسی بوو) کرد، کاوتسکی ئەم نامەیەی لە نامیلکەکەیدا بەناونیشانی "سۆشیاڵیزم و سیاسەتی کۆڵۆنیاڵي" (بەرلین، 1907) دا بڵاوکردەوە، ئەم نامەیە گرنگییەکی زۆری هەیە لەبارەی ئەم پرسەوە کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین. لە بەشی سەرەکی نامەکەیدا ئەنگڵس دەڵێت: "بەڕای من کۆڵۆنییەکان بە مانای تەواوی وشەکە، واتا ئەو وڵاتانەی لەلایەن دانیشتوانی ئەوروپییەوە دەستی بەسەردا گیراوە، نموونەی کەنەدا و کاپ و ئوسترالیا، هەموویان لە داهاتوودا سەربەخۆ دەبن، لەلایەکی ترەوە ئەو وڵاتانەی تەنها ملکەچ کراون و دانیشتوانە ڕەسەنەکان تێیدا نیشتەجێن وەکو هیند و جەزائیر و موڵکەکانی هۆڵەندا و پورتوگال و ئیسپانیا، پێویستە پرۆلیتاریا بۆ ماوەیەك

دەستی بەسەردا بگرێت و تا بتوانرێت بە خێراترین هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی ببات. بەڵام قورسە بگوترێت ئەم پرۆسەیە چۆن گەشە دەکات. ڕەنگە هیند شۆڕشێك بەرپا بکات ئەمەش ئەگەری زۆرە، بۆیە کاتێك پرۆلیتاریا لە هەوڵی خۆ ڕزگارکردندایە ناتوانێت بەشداری هیچ جەنگێکی کۆلۆنیاڵی بکات، بۆیە پێویستە ڕێگە بە شۆڕشەکە بدرێت، شۆڕشەکەش بە ئەنجام ناگات بەبێ جۆرە جیاوازەکانی وێرانکاري، بەڵام ئەم جۆرە وێرانکارییە ڕەنگە لە هەموو شۆڕشەکاندا ڕووبدەن، ئەمە ڕەنگە بەهەمان شێوە لە وڵاتانی تریشدا ڕووبدات، بۆ نموونە لە جەزائیر و میسر، ئەوەش بەلای ئێمەوە باشترین چارەسەرە، پێویستە لەسەرمان کاری زۆر ئەنجام بدەین لە وڵاتەکانماندا، بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور هێزێکی گەورە بەدەست دێت و دەبێتە نموونەیەك تاوەکو وڵاتە نیمچە پێشکەوتووەکان بە ویستی خۆیان شوێنمان بکەون، بەتەنها پێوستییە ئابوورییەکان دەتوانن ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن. بەڵام ئەو قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە چین کە ئەم وڵاتانە پێویستە پێیدا تێپەڕن پێش گەیشتنیان بە شارستانییەتی سۆشیاڵیستي، ئەوا لە ئەمڕۆدا ناتوانین وەڵامی بدەینەوە مەگەر لە ڕێگەی کۆمەڵە گریمانەیەکەوە نەبێت کە بەهایەکی ئەوتۆیان نیە. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە: پرۆلیتاریای سەرکەوتوو ناتوانێت هیچ جۆرە بەختەوەرییەك بسەپێنێت بەسەر نەتەوە بێگانەکاندا بەبێ زیان گەیاندن بەسەرکەوتنەکەی بە هۆی ئەم کارەوە، ئەمە بە دڵنیاییەوە مانای ڕەتکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی جەنگی بەرگریکارانە نییە..."

ئەنگڵس باوەڕی وا نییە کە تەنها "هۆکاری ئابووري" بەسە بۆ لەناوبردنی ڕاستەوخۆی هەموو دژوارییەکان. شۆڕشی ئابووری هەموو میللەتەکان بەرەو سۆشیاڵیزم ئاراستە دەکات بەڵام دەکرێت شۆڕش و جەنگیش دژی دەوڵەتی سۆشیاڵیستی بەرپا بکرێت. سیستەمی سیاسی بە دڵنیاییەوە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ هەلومەرجی ئابووري، بەڵام ئەوە بەسادەیی و ئاسانی و ڕاستەوخۆ نابێت. ئەوەی لای ئەنگڵس "جێی گومان نییە" ئەو پرەنسیپە ئەنتەرناسیۆنالەیە کە بەسەر هەموو "نەتەوە بێگانەکان" دا جێ بەجێ دەکات نەوەك بە تەنها کۆلۆنییەکان: سەپاندنی هەر بەختەوەرییەك بەسەریدا زیان بە سەرکەوتنی پرۆلیتاریا دەگەیەنێت.

پرۆلیتاریا تەنها لەبەر ئەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆگرتووە مانای ئەوە نییە پیرۆز و بێ هەڵە و کەموکورتییە، بەڵام هەڵە چاوەڕوانکراوەکان و (ئامانجە خۆپەرستەکانی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەوانی ترەوە خواستەکانیان بەدی بهێنن)، هانی دەدات بۆ درککردن بەم ڕاستییە.

ئێمە وەکو ئەندامانی باڵی چەپی زیمەرڤاڵد هەمان ڕای کاوتسکیمان هەیە کە (پێش ئەوەی پشت لە مارکسیزم بکات لەساڵی 1904 دا بۆ بەرگریکردن لە شۆڤێنیزم) باوەڕی وابوو کە شۆرشی سۆشیاڵیستی مومکینە و دەکرێت ڕووبدات لە داهاتوویەکی نزیکدا ــ یان لە هەر ڕۆژێکدا وەك ئەوەی کاوتسکی جارێکیان گوتبووی. بەڵام ڕقی نەتەوەیی بە زوویی لەناو ناچێت، بۆنموونە ئەو ڕقەی کە نەتەوەی چەوساوە دژی نەتەوەی چەوسێنەر هەیەتی ــ کە ڕقێکی تەواو ڕەوایە ــ بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە، ئەم ڕقەش لەناو ناچێ تەنها دوای سەرکەوتنی سۆشیاڵیزم نەبێت پاش ئەوەی پەیوەندی دیموکراتییانەی تەواو بەرپا دەکرێت لەنێوان

نەتەوەکاندا. ئەگەر بمانەوێت ڕاستگۆ بین بەرامبەر سۆشیاڵیزم ئەرکە لەسەرمان لە ئێستاوە گرنگی بە پەروەردەکردنی جەماوەر بدەین بە گیانێکی ئەنتەرناسیۆنال و ئەمەش لەناو نەتەوە چەوسێنەرەکاندا ئەستەمە، بەبێ بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی نەتەوە چەوساوەکان بۆ جیابوونەوە.

## 10 ــ شۆڕشی ئیرلەندا لە ساڵی 1916

ئێمە تێزەکانمان پێش هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە نووسی، کە بەڵگەی زۆری خستە بەردەست بۆ سەلماندنی دروستی دیدە تیۆرییەکانمان. بۆچوونی نەیارانی مافی چارەی خۆنووسین دەگات بەو دەرئەنجامەی کە چالاکی و وزەی نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپریالیزم لەناوبراوە، چیتر ئەم نەتەوانە ناتوانن هیچ ڕۆڵێك ببینن لە بەگژداچوونەوەی ئیمپریالیزمدا، بۆیە بێ مانایە پاڵپشتی لە هیوا و ئامانجە نەتەوەییەکانیان بکرێت... هتد. بەڵام جەنگە ئیمپریالیستییەکانی سالانی (1914 ــ 1916) چەند ڕاستییەکی بەدەرخست کە ئەم دەرئەنجامانە ڕەت دەکەنەوە.

جەنگ قۆناغێکی قەیراناوی بوو بۆ نەتەوەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و کۆی ئیمپریالیزم. هەموو قەیرانێکیش کۆنباوەکان دەسڕێتەوە و هەموو پەردەکان هەڵدەماڵێت، هەروەها هەموو نەگۆڕەکان ڕادەماڵێت و هەموو هێز و سەرچاوە شاراوەکان ئاشکرا دەکات. کەوایە ئەم دژوارییە چی ئاشکرا کرد لەبارەی بزوتنەوەی نەتەوە چەوساوە و ژێردەستەکانەوە؟ لە چەندین کۆلۆنیدا هەوڵی شۆڕش و یاخیبوون درا، نەتەوە چەوسێنەرەکانیش وەکو سروشتی خۆیان هەموو هەوڵێکیاندا تاوەکو لە ڕێگەی چاودێری سەربازییەوە هەواڵی ئەم جوڵانەوانە بشارنەوە. بەڵام هەمووان دەزانن کە ئینگلتەرا بە شێوەیەکی دڕندانە یاخیبوونی هێزە هیندییەکانی لە سەنگافورە سەرکوت کرد، هەروەها هەوڵە شۆڕشگێڕییەکان لە ئانامی فەرەنسی (بڕوانە ناشە سلۆڤۆ Nasha Slovo) و کامیرۆنی ئەڵمانی (بڕوانە نامیلکەکانی جونیوس) و لە ئەوروپا ئیرلەندا شۆڕشی هەڵگیرساند، بەڵام ئینگلیزە (ئازادیخوازەکان) کە نەیانتوانی سیستەمی سەربازی زۆرەملێ لە ئیرلەندا درێژە پێبدەن بۆیە لەڕێی کوشتن و لەسێدارەدان هەوڵی کپرکردنەوەیاندا، لەلایەکی ترەوە، حکومەتی ئوسترالیا سزای کوشتنی دا بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی چیکدا بە تۆمەتی ئەنجامدانی "خیانەتی گەورە" و گوللەبارانی چەند فەوجێك لە سەربازە چیکییەکان بەهەمان "تاوان".

ئەم لیستە تەواو نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیسەلمێنێت کە بڵێسەی شۆڕشە نەتەوەییەکان گڕی سەندبوو لە کۆلۆنییەکان و ئەوروپاشدا لە ئەنجامی قەیرانی ئیمپریالیزمەوە و هەروەها هەستی نەتەوایەتی و ڕقی نەتەوەیی زیاتر دەرکەوتن سەرباری هەڕەشە و ڕێ و شوێنە دڕندەکانی سەرکوتکردن. ئەمانەش هەمووی پێش گەیشتنی قەیرانی ئیمپریالیزم بوو بە لوتکە، چونکە هێشتا هێزە ئیمپریالیستەکان لەناونەبرابوون (دەکرا ئەم جەنگی "لاوازکردن" ە ئەم ئەنجامەی بەدی هێنابا، بەڵام تا ئێستا بەو قۆناغە نەگەیشتووین) و هەروەها بزوتنەوە پرۆلیتارییەکان لەناو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا هێشتا لاواز بوون.

ئایا چی ڕوودەدات کاتێك جەنگ دەبێتە هۆی پڕوکانی تەواوەتی یان بەلایەنی کەمەوە، لەیەك دەوڵەتدا هێزی بۆرژوازی بەهۆی لێدانەکانی خەباتی پرۆلیتاریاوە دەهێنرێتە لەرزە. وەکو ئەوەی لەساڵی 1905 دا بەسەر قەیسەرییەتدا هات؟

لە 9 ی مایسی 1916 دا ڕۆژنامەی بێرنێر تاگواخت زمانحاڵی زیمەرڤاڵدەکان لەوانەش چەپەکان، وتارێکی بڵاوکردەوە لەسەر شۆڕشی ئیرلەندا بە ئیمزای ك.ر (کارل ڕادێك) لەژێر ناونیشانی "گۆرانییەکەیان کۆتایی هات" نوسەری وتارەکە شۆڕشی ئیرلەندییەکانی بەوە ناوزەندکرد کە لە "یاخی بوون" یَك زیاتر نییە، چونکە پرسی ئیرلەندییەکان بەڕای نوسەری وتارەکە "پرسێکی کشتوکاڵییە و جوتیارەکان لە ڕێگەی چاکسازییە کشتوکاڵییەکانەوە کپکراون، هەروەها بزوتنەوە نەتەوەییەکان وەکو " بزوتنەوەیەکی وردە بۆرژوازی ماونەتەوە کە هـیچ پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە سەرەڕای ئەو هەرایەی کە دروستی کردبوو".

جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەم دیدە دۆکترینییە ناسروشتییە، تەریب و گونجاوە لەگەڵ بۆچوونی ئەندامێکی کادێتی ناسیۆنال لیبراڵی، کە ئەویش بەڕێز کولیشێرە لە (ڕۆژنامەی ڕیچ Rech ـ ژمارە 102 لە ئەپریلی ساڵی 1916) دا شۆڕشی ئیرلەندییەکانی بە "یاخی بوونی دوبلین" ناوزەدکرد.

بەگوێرەی قسە نەستەقەکە "ئەو با ژەهراویەیە کە سودی بۆ کەس نییە" هیواخوازین ئەم هاوڕاییە "ڕێکەوتە" ی نێوان بۆچوونی سۆسیال دیموکراتێك و بۆچوونی بۆرژوازێکی ئیمپریالیستی ، چاوی ژمارەیەك لەو هاوڕێیانە بکاتەوە، تاوەکو بۆیان دەربکەوێت خۆیان خستۆتە چی زۆنگاوێکەوە کاتێك "مافی چارەی خۆنووسین"یان ڕەتکردەوە و بزوتنەوە نەتەوەییە بچوکەکانیان بێ بایەخ کرد.

چەمکی "یاخی بوون" بەمانا زانستییەکەی، تەنها ئەوکاتە بەکاردێت کە هەوڵی شۆڕشەکە لە بازنەییەکی تەسك لە پیلانگێڕ و دەبەنگ کورت بکرێتەوە، هەروەها سۆزی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕانەکێشێت. بەڵام بزوتنەوەی نەتەوەیی ئیرلەندا کە چەند سەدەیەکە سەری هەڵداوە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و ئەزموونی یەکگرتنی چەندین ئامانجی چینایەتی کردووە، ئەم بزوتنەوەیە لە کۆنگرەی نەتەوەیی ئیرلەندا کە لە ئەمریکا (ڤۆروارتس Vorwarts ـ 20 ی مارسی 1916) دا بەسترا خۆی مانیفێست کرد، کە ئەو کۆنگرەیە بانگەوازی بۆ سەربەخۆیی ئیرلەندا دەکرد. هەروەها لەو جەنگانەی سەرشەقامەکاندا خۆی مانیفێست کرد کە گرووپێك لە وردە بۆرژوازی شارنشین و گرووپێك لە کرێکاران ڕابەرییان دەکرد، ئەوەش دوای ماوەیەکی درێژخایەن لە هەڵچوونی جەماوەری و سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و ڕۆژنامەکان... هتد. بۆیە ئەو کەسەی ئەم شۆڕشە بە "یاخی بوون" ناوزەند بکات ئەوا یان خراپترین کۆنەپەرستە یان دۆکترینییەکە کە ناتوانێ وێنای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکات وەکو دیاردەیەکی زیندوو.

باوەڕهێنان بەوەی شۆرشی کۆمەڵایەتی مومکینە و دەکرێ ڕووبدات بەبێ هەڵگیرسانی شۆڕشی نەتەوە بچوکەکان لە کۆڵۆنییەکان و ئەوروپادا و، بەبێ هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانەی گرووپێکی وردە بۆرژوازی سەرباری خراپی و هەڵەکانیان، وە بەبێ جولانەوەیەك کەجەماوەری پرۆلیتار و نیمچە پرۆلیتاری ناهۆشیاری

سیاسییەوە ڕابەری دەکەن دژ بە ستەمی خاوەن زەوییەکان و کەنیسە و پاشاکان، هەروەها دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و، ... هتد ــ ئەم تێڕوانینە مانای ڕەتکردنەوە و دەستبەرداربوونە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی. وەك بڵێی دەبێت سوپایەك لەلایەکەوە ڕیز ببەستێت و بڵێت کە "من لەگەڵ سۆشیالیزمم" لە بەرامبەریشدا سوپایەکی دیکە وەستابێت و بڵێت "من لەگەڵ ئیمپریالیزمم" تەنها ئەوکاتە بۆمان هەبێت بڵێین ئەمە شۆڕشی کۆمەڵایەتییە! تەنها ئەو کەسانەی ئەم بۆچوونە گاڵتەئامێزەیان هەیە دەتوانن دژی شۆڕشی ئیرلەندابن و بە "یاخی بوون" ناوزەندی بکەن.

ئەوانەی چاوەڕوانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی "بێگەرد" دەکەن ئەوا هەرگیز نایبینن، ئەو جۆرە کەسانە زارەکییانە شۆڕشگێڕن، بەڵام هەرگیز لە واتای ڕاستەقینەی شۆڕش ناگەن.

شۆڕشی ڕوسیای ساڵی 1905 شۆڕشێکی بۆرژوازی دیموکراتی بوو. ئەم شۆڕشە لە زنجیرە جەنگێك پێکهات کە هەموو چین و توێژە ناڕازییەکان بەشدارییان تێداکرد، لەنێوان ئەمانەدا جەماوەرێك هەبوون کە پاڵنەری کاڵفامانە و ئامانج و هیوای سەیر و خەیاڵیان هەبوو لەبارەی خەباتەوە، هەروەها گرووپێك هەبوون کە پارەی یابانیان وەرگرتبوو، هەروەك جامباز و سەرکێشەکانیش و... هتد تێیدا بەشدابوون. بەڵام لەڕووی بابەتییەوە بزوتنەوەیەکی  جەماوەری پشت شکێن بوو بۆ قەیسەرییەت و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەم هۆکارە کرێکاری خاوەن هۆشیاری چینایەتی ڕابەرییان دەرکرد.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا هیچ نابێت جگە لە تەقینەوەی خەباتی جەماوەری کە هەموو مرۆڤە ناڕازی و ستەم لێکراوەکان تێیدا بەشداردەبن. بە دڵنیاییەوە لەناو بەشداربووانی ئەم شۆڕشە گرووپی وردە بۆرژوازی و کۆمەڵێك کرێکاری ناهۆشیار بەدی دەکرێت ــ بەبآ ئەم بەشدارییەش خەباتی جەماوەری و شۆڕش ئەستەمن. بە دڵنیاییشەوە ئەم گرووپانە خەون و خەیاڵە کۆنەپەرستەکانیان و هەڵە و کەموکورتییەکانیان تێکەڵی جوڵانەوەکە دەکەن، بەڵام لەڕووی بابەتییەوە هێرش دەکەنە سەر سەرمایە، کاتێکیش پرۆلیتاریای هۆشیار کە پێشڕەوی جوڵانەوەکەیە درك بە سروشتی ئەم خەباتە جەماوەرییە دەکات کە چەند ڕەنگ و جۆر و گرووپی جیاوازی تێدایە، دەتوانێت هەموو ئەمانە یەکبخات و دەسەڵات بگرێتە دەست، دواتریش دەست بگرێت بەسەر بانکەکاندا و خاوەندارێتی لەو دامەزراوە پیشەسازییانە وەربگرێتەوە کە هەمووان ڕقیان لێیەتی (بە هۆکاری جیاواز!)، هەروەها جێبەجێ کردنی ڕێ و شوێنە دیکتاتۆرییەکانی تر کە هەمووی دەبێتە هۆی بەزاندنی بۆرژوازی و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی سۆشیالیزم، هەرچەندە ئەم سەرکەوتنە ناتوانێت بە یەکجاری خۆی "پاك" بکاتەوە لە خڵتەی گرووپە وردە بۆرژوازییەکان.

لە تێزی هاوڕێ پۆڵەندییەکاندا (بەشی 1 ــ باسی 4) هاتووە کە "سۆسیال دیموکراتەکان پێویستە خەباتی بۆرژوازی دەرکەتوو لە کۆلۆنییەکاندا دژ بە ئیمپریالیستە ئەوروپییەکان بەکاربهێنن بۆ ئامانجی توندوتیژکردنەوەی شۆڕش لە ئەوروپا".

ئایا ئەوە ڕوون نییە کە ناکرێت لەم ڕووەوە ئەوروپا بە کۆڵۆنییەکان بەراورد بکەین؟ چونکە خەباتی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەوروپا لە توانایدایە بگاتە ئاستی ڕاپەڕین و جەنگی سەرشەقامەکان و دەتوانێت دیسپلینی ئاسنینی سوپا و یاسا سەربازییەکان تێك بشکێنێت، ئەم خەباتە ئاستی "توندوتیژی شۆڕش لە ئەوروپا" بە ڕادەیەکی وەها بەرزدەکاتەوە کە زۆر بەهێزترە لە کاریگەری ڕاپەڕینێکی گەورەتر و بەهێزتر کە لە کۆڵۆنییەکی دوورە دەست ڕوودەدات.

بە دڵنیاییەوە ئەو زیانەی شۆڕشی ئیرلەندا بە هێزی بۆرژوازی ئینگلتەرای ئیمپریالیستی دەگەنێت سەدان جار کاریگەرترە لەو زیانەی ئەم هێزە بەهۆی شۆڕشێکی هاوچەشنەوە لە ئاسیا یان ئەفریقیا بەری دەکەوێت. ماوەیەك پێش ئێستا ڕۆژنامە شۆڤێنیستە فەرەنسییەکان هەواڵی دەرچوونی ژمارەی هەشتای ڕۆژنامەی نهێنی (بەلجیکای ئازاد Free Belgium) یان بڵاوکردەوە. ڕۆژنامە شۆڤێنیستە فەرەنسییەکان زۆرجار هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەم هەواڵە لە ڕاستی دەچێت. ئەمە لە کاتێکدا سۆسیال دیموکراتە شۆڤێنیستەکانی شوێنکەوتووی کاوتسکی لە ئەڵمانیا نەیانتوانی بڵاوکراوەی ئازادی خۆیان دەربکەن لە ماوەی دوو ساڵی جەنگدا، بەپێچەوانەوە بەسەرکزییەوە سانسۆری سەربازییان قبوڵکرد (دەبێت ئاماژە بەو چەپە ڕادیکاڵانە بکرێت کە سەربەخۆ و ئازادانە نامیلکە و مانیفێستی خۆیان بڵاودەکردەوە بەبێ چوونە ژێر سانسۆرەوە ئەمەش شانازییەکە بۆخۆیانیان تۆمارکردووە) لەم کاتەدا نەتەوەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو دەچەوسێنرایەوە و بەرامبەر بە دڕندانەترین تیرۆری سەربازی وەستایەوە، لێرەشدا ڕۆژنامەیەکی نارەزایەتی شۆڕشگێرانە بڵاوبکرێتەوە! بەپێی دیالەکتیکی مێژوویی نەتەوەبچوکەکان ناتوانن وەکو هۆکارێکی سەربەخۆبن بۆ خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم، بەڵکو هەوێنێکە کە هاوکارە بۆ جوڵاندن و دەرخستنی هێزی ڕاستەقینەی دژە ئیمپریالیزم کە ئەویش پرۆلیتاریای سۆشیاڵیستییە. سەرکردە سەربازییەکانی جەنگ تەواوی هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ بەکارهێنانی هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکانی ناو بەرەی دوژمن، بۆنموونە ئەڵمانییەکان شۆڕشی ئیرلەندا بەکاردەهێنن و فەرەنسییەکان بزوتنەوەی چیکییەکان لە سودی خۆیان بەکاردێنن و... هتد. ئەوان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە کارێکی دروست دەکەن، لە جەنگێکی جیدیدا کارێکی جیدی نییە ئەگەر هاتوو سود لە بچوکترین خاڵی لاوازی دوژمنەکەی وەرنەگرێت و هەموو دەرفەتێکیش نەقۆزێتەوە لە سودی خۆیدا، ئەگینا ئەستەم دەبێت پێش وەخت درك بەوە بکات کە چی کاتێك و بەچی هێزێك کۆگایەکی باروود لە جێگەیەکدا "دەتەقێتەوە". ئێمە شۆڕشگێڕی داماو و دەستەپاچە دەبین ئەگەر لە جەنگی گەورەی ڕزگاریخوازی پرۆلیتاریادا لە پێناو سۆشیاڵیزم، نەتوانین سود لە هەموو بزوتنەوە جەماوەرییەکان وەربگرین دژی یەکێك لە کارەساتەکانی  ئیمپریالیزم هەتاوەکو لە ڕێگەیەوە ئاست و بازنەی توندوتیژی شۆڕشەکە فراوان بکەین. ئەگەر لەلایەکەوە هەزاران جار دووبارەی بکەینەوە کە "دژی" هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیین و لەلایەکی ترەوە شۆڕشی چالاکترین و هۆشیارترین و پێشکەوتووترین  گرووپی

چەند چینێكی نەتەوەیەكی چەوساوە دژ بە چەوسێنەرەكەی بە "یاخی بوون" ناوزەند بكەین، ئەوا خۆمان دەخەینە ئاستی شوێنكەوتووانی كاوتسكی لە دەبەنگیدا.

بەدبەختی ئیرلەندییەكان لەوەدابوو پێش وەختی گونجاو شۆڕشیان كرد. واتا پێش ئەوەی شۆڕشی پرۆلیتاریای ئەوروپا گەشە بكات، سەرمایەداری بونیادێكی وەها چوونیەكی نییە كە سەرچاوە جیاوازەكانی شۆڕش بتوانن بە ویستی خۆبەخۆ و ڕاستەوخۆ یەكبگرن، بەبێ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەربەست و شكست. لەلایەكی ترەوە لە ڕاستیدا شۆڕشەكان لەكاتی جیاواز و شوێنی جیاواز و بە شێوەی جیاواز ڕوودەدەن، هەر ئەمەش گرەنتی بەرفراوانی و قوڵی بزوتنەوە گشتییەكان دەكات، بەڵام لە ڕێگەی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە نەبەكام و دابەش بوو و شكست خواردووانەوە، جەماوەر ئەزموون پەیدا دەكات و خۆی ڕێكدەخات و پێشڕەوە ڕاستەقینەكانی خۆی دەناسێت كە ئەوانیش پرۆلیتاریای سۆشیاڵیستن، لەم ڕێگەیەشەوە ئامادەكاری بۆ هێرشی گشتگیر دەكات. لە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان لە ئاستی لۆكاڵی و نەتەوەیی و یاخی بوون لەناو سوپادا و هەوڵە شۆڕشگێڕییەكانی ناو ڕیزی جوتیاران و... هتد، ئەمانە ڕێگەخۆشكەر بوون بۆ هێرشی گشتگیری ساڵی 1905.

### 11 ــ ئەنجام

پێچەوانەی بۆچوونە هەڵەكانی سۆسیال دیموكراتە پۆڵەندییەكان، پێمان وایە خواستی مافی چارەی خۆنووسین ڕۆڵی لە دروشمەكانی پارتەكەماندا هیچ كەمتر نییە لە ڕۆڵی دروشمەكانی هاوشێوەی چەكداركردنی خەڵك و جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت و هەڵبژاردنی كارمەندانی دەوڵەت لەلایەن خەڵكەوە و خواستەكاتی تر كە تەسكبیرەكان بە "خەیاڵپڵاوی" یان دەزانن. بەپێچەوانەوە، بەهێزبوونی بزوتنەوە نەتەوەییەكان دوای ساڵی 1905، بە دڵنیاییەوە وروژاندنەكانی پارتەكەمانی بەهێزتركرد، بۆیە زنجیرەیەك وتار لەنێوان ساڵانی 1912 و 1913 بڵاوبووەوە و لەساڵی 1913 پارتەكەمان پێناسەیەكی ووردی پرسەكەی كرد و (تەواو دژە بە پێناسە كاوتسكییەكان) ئەویش (ڕازی نەبوونە بە تەنها داننانی زارەكییانە بەم مافەدا).

پێویستە ئەو فاكتە پشتگوێ نەخەین كە لەو ساتەوەختە سەرەتاییانەدا خۆی دەرخست، ئەویش كۆمەڵە هەلپەرستێك بوون لە نەتەوەی جیاواز، نموونەی پۆركڤیچی ئۆكرانی و لیبمنی بوندی و سیمكۆڤسكی ڕوسی كە خزمەتكاری گوێڕایەڵی پۆتریسۆڤ و دارودەستەكەیەتی، هەموو ئەمانە پشتگیرییان لە ئەرگۆمێنتەكانی ڕۆزا لۆكسمبۆرگ دەكرد دژ بە مافی چارەی خۆنووسین! ئەوەی ئەم سۆشیاڵیستە پۆڵەندییە (مەبەست لە ڕۆزا لۆكسمبۆرگە) كردی گشتاندنێكی تیۆری هەڵە بوو بۆ بزووتنەوەی پۆڵەندی. كاتێك بەسەر هەلومەرج و ڕووداوی گەورە و فراوانتردا و بەسەر هەلومەرجی دەوڵەتێكی گەورە لەبری دەوڵەتێكی بچوكدا جێبەجێكرا، هەروەها كاتێك لە ئاستی ئەنتەرناسیۆنال لەبری قەتیسكردنی لە سنوری پۆڵەندا جێبەجێكرا. لەڕووی بابەتییەوە بوو بە

پاڵپشتییەکی هەلپەرستانە بۆ ئیمپریالیزمی ڕوسی. مێژووی ئاراستەکانی ئەندێشەی سیاسی (جیا لە بۆچوونی تاکەکان) پشتڕاستی دروستی پرۆگرامەکەمان دەکەنەوە.

بە ئێستاشەوە سۆسیال ئیمپریالیستە ئاشکراکانی وەکو لینچ بەڕوونی دژی مافی چارەی خۆنووسین و دژی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی لکاندن. بەڵام شوێنکەوتووانی کاوتسکی بە ڕووکەش و ڕیاکارانە دان بە مافی چارەی خۆنووسیندا دەنێن. ترۆسکی و مارتۆڤ لە ڕوسیا هەمان ڕێچکەیان گرتووە و هاوشێوەی کاوتسکی لە ڕووکاردا دەڵێن پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵوێستیان چییە؟ زنجیرە وتارەکانی ترۆتسکی "نەتەوە و ئابووری" بەنموونە وەربگرین کە لە گۆڤاری "ناشە سلۆڤۆ" دا بڵاوکراوەتەوە ئاراستە هەڵبژاردنگەرا "Eclecticism" (9) ییەکەی بەڕوونی دەبینین! لەلایەکەوە دەڵێت ئابووری نەتەوەکان یەکدەخات، لەلایەکی ترەوە دەڵێت چەوساندنەوەی نەتەوەیی دابەشیان دەکات. ئەنجام چییە؟ ئەنجام ئەوەیە کە شێوازی ڕیاکارانە بە نائاشکرایی درێژە بەخۆی دەدات، وە ئەم وروژاندنە نەبزێو و بێ کەڵك دەبێت، چونکە بەرخورد لەگەڵ بابەتە سەرەکی و جەوهەرییەکە ناکات، کە ئەویش هەڵوێستی تاکە بەرامبەر ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەکەی "خۆی" دەیانچەوسێنێتەوە. مارتۆڤ و سکرتێرەکانی تری دەرەوە ویستیان ئەوە لەیادبکەن ــ چی لەیادکردنێکی بەسودە! ــ کە هاوڕێ و هاوکارەکەیان سیمکۆڤسکی چەندێك تێکۆشا دژ بە مافی چارەی خۆنووسین. مارتۆڤ لە ڕۆژنامەی یاسایی لایەنگرانی جڤۆزدیڤ (ناش گۆلۆس Nash Golos) پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین دەکات و هەوڵدەدات ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە: دانان بە مافی چارەی خۆنوسین بەشداری کردن لە جەنگی ئیمپریالیستیدا ناسەپێنێت لە ئێستادا... هتد، بەڵام خۆی لە بابەتە جەوهەرییەکە دزییەوە ــ هەروەك لە ڕۆژنامە نایاسایی و ئازادەکانیشدا خۆی لێ دەدزییەوە ــ ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا ڕوسیا ڕیکۆردی جیهانی دەشکاند لە چەوساندنەوەی نەتەوەکاندا لەسەر بنەمای ئیمپریالیزمێکی ئابووری دواکەوتوو و بیرۆکراتی سەربازی بە دڕندانەترین شێوە. بۆیە ئەو سۆسیال دیموکراتە ڕوسییەی کە "دان" بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکاندا دەنێت و لەسەر شێوازی ئەو دانپێدانانەی کە لەلای بەڕێزان پلیخانۆڤ و پۆتریسۆڤ و هاوڕێیانیان بەدی دەکرێت، کە مانای شەڕنەکردنە لە پێناو ئازادی ئەو نەتەوانەی کە قەیسەرییەت دەیانچەوسێنێتەوە، لە ڕاستیدا ئیمپریالیستە و نۆکەری قەیسەرییەتە.

لە ڕاستیدا گرنگ نییە ئەگەر ترۆتسکی و مارتۆڤ نیازی "باش" یان هەبێت، چونکە لەڕووی بابەتییەوە هەڵوێستە ناڕوون و لێڵەکانیان دەچێتە خزمەتی سۆسیال ئیمپریالیزمی ڕوسییەوە. قۆناغی ئیمپریالیزم هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانی کرد بە چەوسێنەری ژمارەیەك نەتەوە، هەروەها پەرەسەندنی ئیمپریالیزم دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئاراستەکانی ناو سۆسیال دیموکراتی جیهانی لەسەر ئەم پرسە.

## پەراوێزەکان:

1- بڕوانە: ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی - دەستەی نوسەرانی (گازێتا ڕەبۆتنێزا).

2-: The rights of nations to self-determination –Lenin .

3- ئیکۆنۆمیزم (ئابوریگەرایي): ئاراستەیەکی هەلپەرست بوو لە ناو پارتی سۆسیال دیموکراتی روسیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئیکۆنۆمیستەکان ئەرکی کرێکارانیان کورت دەکردەوە بۆ خەباتکردن لە پێناوی زیادکردنی کرێی کار و باشترکردنی مەرجەکانی کار و، ڕۆڵی حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکاریان ڕەت دەکردەوە.

4-بڕوانە: کتێبی پۆ و ڕەین (بەشی چوارەم) - فریدریك ئەنگڵس.

5- بڕوانە: **بزووتنەوەی سلاڤی دیموکراتی** - فریدریك ئەنگڵس.

6- لیخشتراڵین Lichtstrahlen: مانگنامەیەکی زمانحاڵی باڵی چەپی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا بوو، لە ژێر سەرپەرشتی ج. بۆرخارد دەردەچوو، لە نێوان ساڵانی 1913 بۆ 1921 لە بەرلین بڵاودەکرایەوە.

7- وتارەکەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ بە ناونیشانی (پرسی نەتەوەیی و سەربەخۆیي) کە لە ژمارەکانی 6 و 7 و 8 و 9 و 10 و 12 و 14 و 15ی گۆڤاری (سۆسیال دیموکرات) لەنێوان ساڵانی 1908-1909 دا بڵاوکراوەتەوە.

8- فراکییەکان: باڵی ڕاستی پارتی سۆسیال دیموکراتی پۆڵەندي، کە پارتێکی وردە بۆرژوازی ناسیۆنالیستە و ساڵی 1892 دامەزراوە.

9- هەڵبژاردنگەرایی "Eclecticism": ڕێبازێکە کە هەڵگرانی بە ئارەزووی خۆیان تیۆر و بۆچوونی دژیەك تێکەڵ بەیەك دەکەن بەبێ بوونی هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیاندا.

### بۆ وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1 – لینین، مختارات، مجلد ٦، خلاصه المناقشه حول حق الامم فی تقریر مصیرها- ص ٨٦-١٤٠ ، ترجمه الی العربیه: الیاس شاهین، دار تقدم – موسکو ١٩٧٧

2- The Discussion On Self-Determination Summed Up ،

*Lenin Collected Works*، UNKNOWN، [19xx]، Moscow، Volume 22، pages 320-360

3- لینین، حصیله مناقشات حق التقریر المصیر، ارشیف الماركسیین علی الانترنت

ئەم نامیلکەیە لە مانگی جولای ساڵی ١٩١٦ دا نوسراوە و لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا

لە Sbornik Sotsial-Demokrat ژمارەی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوە.